# تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرانبەر بەندکراوی ئازادکراو "لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لەکە"

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر لەسەر ئەو تاوانبارانەی کە بەپرۆسەی چاکسازیدا تێپەڕیون

**وریا معروف حمد سعید[1]**

[1]بەشی ئاسایشی خۆراک و تەندروستی گشتی، پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە و کۆمەڵگە بە درێژایی مێژو پێیەوە دەناڵێنێ، بۆیە پرۆسەی تێکەڵاوبونەوەی بەندکراوی ئازادکراو لەگەڵ کۆمەڵگە سەختە دوای تێپەڕبونی بە پرۆسەی چاکسازی، چونکە مۆرکی تاوان و تاوانباری هەر بەدواوەیە، ئەمەش وادەکات لە دوبارە خۆگونجاندنەوەی لەگەڵ کۆمەڵگە دوچاری چەندین لەمپەر و ناخۆشی بێتەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی شوێنەوارەکانی لەکەی کۆمەڵایەتییە لەسەر بەندکراوی ئازادکراو، هەروەها تێڕوانینی دەوروبەر و بەندکراوی ئازادکراو سەبارەت بە ژیان و داهاتوی لە کۆمەڵگە کە لەکە و مۆرکی تاوانباری پێوە لێکندراوە. ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە میتۆدی (دراسة حالە – case study) بەکارهاتوە، کەتیایدا لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لەکە ئەو کێشە و ناخۆشییانەی توشی بەندکراوی ئازادبو دەبنەوە لەگەڵ ڕۆڵ و پێگەیان چی بەسەردێ لەکۆمەڵگەدا شرۆڤە کراوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە کە لە حەوت نمونەی توێژینەوە پێکهاتوە، لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتون: ڕوبەڕوی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە و ژیان قورس و سەخت دەبێت بۆیان لە دوبارە ئاوێزانبونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە، هەروەها پێگەیان لەدەست دەدەن و ڕۆڵیان لاواز دەبێت.

**کلیلە وشەکان:** تاوانبار، بەندکراوی ئازادکراو، لەکە، پێشینەی تاوان، پرۆسەی چاکسازی.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4
**Received:** 11-April-2022
**Accepted:** 21-June-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author E-mail:**
wirya.hamadsaaed@epu.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

## پێشەکی:

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەدرێژایی مێژو لەسەرجەم کۆمەڵگەکاندا هەبوە و بەردەوامە، هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی نەریت و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کردەوەیەک یان ڕەفتارێک بە تاوان ئەژمار دەکات و بەیاساش سزای بۆ دانراوە، ئەو کەسەی تاوانێک ئەنجام دەدات ڕەنگە بەهۆی بارودۆخێکی نەخوازراو و خۆنەویستانە ئەنجامی دابێت، یانیش بە ئەنقەست و خودکردەیانە، بەڵام دوای تێپەڕبونی بە پرۆسەی چاکسازی و وەرگرتنی سزای یاسایی و تەواوبونی ماوەکەی ڕەنگە پەشیمان بوبێتەوە و بیەوێ ببێتە کەسێکی ئاسایی و سودبەخش بۆ کۆمەڵگە و تێکەڵاوببێتەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەی، بەڵام لەوانەیە کۆمەڵگە متمانەی پێناکاتەوە، سزای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دورودرێژە و پەراوێز و گۆشەگیری دەخەن، لەکەی تاوانباری وەک سیفەتێکی قەبوڵنەکراوی پێدەبەخشن کە ئەمەش دوچاری جۆرەها کێشەیان دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە ئەو کێشە و نەهامەتی و سەختیانە دەخاتەڕو کە ڕوبەڕوی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەبێتەوە، کە بریتین لە بەندکراوە ئازادکراوەکان و لەسەر زاری خۆیانەوە دژوارییەکانیان باس دەکەن کە لەکۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەریان توشیان دەبێت، لەشێوەی ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی کە ویست و توانای خۆگونجاندیان لەناو کۆمەڵگەدا سنوردار دەکات دوای ئازادبونیان بەهۆی ئەو لەکەیەی وەک ماک و پەڵەیەک هەمیشە بەدوایانەوەیە. ئەم دورخستنەوەییە لەلایەن کۆمەڵگەوە وەک پەرچەکردارێکە گوزارشت لەڕادەی ڕقی کۆمەڵگە دەکات کە تا چ ڕادەیەک ڕقیان لە ڕەفتاری تاوانکاری و لادەرانە و تاوانبارانەیە، ناو و تایبەتمەندییەکی دەدەنە پاڵ کە نەنگی و شورەییە ئەم لەکەیە، کاریگەری خراپی لەسەر هەمو بوارەکانی ژیانی دەبێت، تەنانەت کاریگەری لەسەر پلە و پایە و سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان خۆی و ئەندامانی کۆمەڵگە و دەزگاکانی دەبێت.

تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان و تیۆرەکانی تاوانناسی زیاتر گرنگیان داوە بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی گرنگترین ئەو هۆکارانەی وا دەکەن تاک ڕەفتاری تاوانی ئەنجام بدات، بەڵام تیۆری لەکە بە تێڕوانینێکی نوێ لە بواری تاوانناسیدا سەری هەڵدا و لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا زۆر بەناوبانگ بو، جەخت لەسەر کاردانەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکاتەوە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی تاوانبار و لادەر کە کۆمەڵگە بە چ شێوەیەک دەڕوانێتە ڕەفتار و کرداری تاوانبار و کاردانەوەی چی دەبێت؟ هەروەها شوێنەوارەکانی ڕەفتاری تاوانباری لەسەر ژیان و داهاتوی ئەو کەسانەی تاوان ئەنجام دەدەن چییە؟ (MUŞ, 2016: 143). لەم توێژینەوەیەدا تیۆری لەکە لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەمان جێبەجێ دەکەین، کە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکانە، بەشی دوەم: باس لە تیۆری لەکە و بنەماکانی تیۆرەکە دەکات و بەشی سێیەمیش تایبەتە بە میتۆدی توێژینەوە و خستنەڕوی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

## بەشی یەکەم: ڕەھەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

### ١. ڕەھەندەکانی توێژینەوە:

#### ١,١. گرفتی توێژینەوە:

تاوانبار سەرپێچی دژی نەریت و بەھاکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدات، ترسی خستوەتە دڵی ھەموان و ناتوانن متمانەی پێبکەن ترسیان لەوە ھەیە لە تێکەڵبون لەگەڵی دوچاری زیان ببنەوە، بۆیە گرفتێکی کۆمەڵایەتییە؛ سەختە ئاوێزان بون و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەری و بێ بەش دەکرێت لەھەندێک مافی کۆمەڵایەتی وەکو ئەندامێک لەکۆمەڵگە، ھەروەھا دەشێ دوچاری کێشەی خێزانیش ببێتەوە. گرفتێکی دەرونییە؛ بەندکراوی ئازادکراو بەھۆی ئەو بەربەست و دژوارییانە و کێشانەی دوای ئازادبونی لەژیانیدا توشی دەبێت لەناخەوە دادەڕوخێت و ڕێگەی لەبەر ون دەبێت و دوچاری بارگژی دەرونی و خەمگینیەکی قوڵ دەبێتەوە. گرفتێکی ئابوریشە؛ بەھۆی ئەوەی لەکەی تاوانباری بەسەردا چەسپاوە ڕەنگە دوچاری بێکاری ببێتەوە ھیچ کەس و خاوەن کارێک متمانەی پێنەکات و کاری پێنەدات، چونکە پێشینەی تاوانی ھەیە بەکەم سەیردەکرێت و لۆمە دەکرێت و مامەڵەیان لەگەڵی جیادەکەنەوە. ھەروەھا گرفتێکی یاساییە: ڕەنگە ئەمانە ببنە ھۆی ئەوەی ڕق لەم پەراوێزخستنەی بگرێت و بۆ سەرپێچی و تاوان بگەڕێتەوە لەدژی ئەوەی کە کۆمەڵگە قەبوڵی ناکات، بەمەش دەبێتە گرفت بۆ خۆی و کۆمەڵگە.

#### ٢.١. پرسیاری توێژینەوە:

١. ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی بەندکراوی ئازادکراو دەبنەوە لەکۆمەڵگەدا چین؟

٢. تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرانبەر بەندکراوی ئازادکراو چۆنە و کاریگەری لەکەی کۆمەڵایەتی چییە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی لە کۆمەڵگەدا؟

#### ٣,١. گرنگی توێژینەوە:

جێبەجێکردنی تیۆری لەکە لەسەر بەندکراوی ئازادکراو گرنگیەکی تایبەتی و ھەیە پێویستە کاری لەسەر بکرێت، چونکە تێڕوانینێکی جیاوازتری ھەیە لە تیۆرەکانی دیکەی کۆمەڵناسی و تاوانناسی بۆ ڕاڤەی ڕەفتاری تاوانکاری کە باس لەکاریگەری و کاردانەوەی کۆمەڵگە دەکات بەرانبەر تاوانبار و دەرھاوێشتەکانی ئەو کاردانەوەی کۆمەڵگە لەسەر تاوانبار کە بەدرێژایی ژیانی مۆرک و لەکەی تاوانباری دەخەنە پاڵ و بێ بەشی دەکەن لەزۆر چالاکی، ھەروەھا گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەتوێژینەوەیەکی نوێ دادەنرێت لە کوردستان و کاری لەسەر نەکراوە بەتایبەت ئەم بابەتە ڕاڤەی تیۆری لەکە بۆ بەندکراوی ئازادکراو، کە ئەمەش دەبێتە دەروازە و ڕێگەخۆشکەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا، کەواتە ئەم توێژینەوە گرنگ و پێویستە بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و تاوانناسی و توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

بۆ ڕێگریکردن لە بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان و بەرەنگاربونەوەی لەهەر کۆمەڵگەیەک گرنگە و پێویستە توێژینەوەی لەم چەشنە ئەنجامبدرێت کە کار لەسەر لایەنی تیۆری و مەیدانی بکات، ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تری لەوەدا دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی تیۆری و مەیدانی کار لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە دەکات و هەوڵی دەرخستن و شیکردنەوەی ئەو لەکەیە دەدات کە کۆمەڵگە بەرانبەر بەندکراوی ئازادبو پراکتیزەی کردوە و لەڕێگەی تیۆری لەکەوە.

## ٤,١. ئامانجی توێژینەوە:

١. خوێندنەوەییەکی ورد و ڕاڤەی تیۆری لەکە لەسەر بەندکراوی ئازادکراو.

٢. زانینی شوێنەوارەکانی لەکەی کۆمەڵایەتی لەسەر بەندکراوی ئازادکراو لەشاری هەولێر.

٣. تێڕوانینی بەندکراوی ئازادکراو سەبارەت بە ژیان و داهاتوی لە کۆمەڵگە کە لەکە و مۆرکی تاوانباری پێوە لێکندراوە.

٤. تێڕوانینی دەوروبەر بەرانبە بەندکراوی ئازادکراو لەڕوانگەی خۆیەوە.

## ٢. چەمکەکانی توێژینەوە:

**١,٢. لەکە:** چەمکی لەکە سەرەتا لەلایەن یۆنانییەکان بەکارهاتوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەخراپ بینراون لەڕوی ئەخلاقیەوە وەک ئاسایی قەبوڵ نەدەکران، کۆیلە، تاوانبار، خیانەتکار نیشانەیەک یان ئاسنیان وەکو لەکە لەلەشیان دەلکاند، ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەم لەکەیە بون بە درێژایی ژیانیان بە ئاسانی لە کەسانی تر جیادەکرانەوە. هەروەها بەم شێوەیە بە هەمو لایەک ڕاگەیەنرا کە دەبێت لە شوێنە گشتییەکاندا دوربخرێتەوە، چونکە بە خراپ و پیسی دادەنران (ÖZMEN, ERDEM, 2018: 186) . فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی بەم شێوە پێناسەی لەکەی کردوە: بەخشینی ناوێکی کۆمەڵایەتیانەیە بە تاک، واتە نازناوێکی دیاریکراو، لە نمونەی ( لادەر لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە)، یاخود (شێواو لەڕوی ئەقڵیەوە) (دکتورە سەمیرە، ٢٠٠٧: ١١٩). لەپێناسەیەکی تردا هاتوە: لەکەدارکردنی کەسی ئازادکراو بەدرێژایی ژیانی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێک، بەو ناوەوە بانگدەکرێت ڕەنگە ئەم کارەشی ئەنجام نەدابێت تەنیا لەسەر بنەمای گومان بوبێت و دواتر ئەو ناوەی پێوە لێکندراوە، بەدرێژایی کات ئەم ناونیشانە دەبێتە باوەڕپێکراو و وەک خۆی دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر کردارێک یان ڕەفتارێکی لەو شێوەیەشی ئەنجام نەدابێت(فاطمة، ٢٠١٦-٢٠١٧: ٥). هەروەها پێناسە لەکەی کۆمەڵایەتی: لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت لەئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان کە پەیوەستە بە خود و دیتنی ئەوانیتر و کاردانەوەکانیان سەبارەت بە تاکەکان و لێکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە و ئەو بینین و ناوهێنانەی ئەوانیتر دەبێتە لەکەی کۆمەڵایەتی، زۆر جاریش ڕەنگە ئەو لەکەیە لەسەر بنەمای مانای کردارەکە بێت نەک خودی کردارەکە، کە ڕەنگە بەمانایەکی تر ئەنجامدرابێت(القراله، ٢٠١٣: ٤). کەواتە لەکە بریتییە لەو تایبەتمەندی و لەکەیەی کەوا کۆمەڵگە بە کەسێکی دیاریکراوی دەڵێن و بەهۆی ئەنجامدانی کردەوە یان ڕەفتارێکی، ئیتر ئەمە دەکرێتە پێوەر بۆ ناساندنی کەسەکە هەرچەندە سزای خۆی وەرگرتوە و تێپەڕیوە، بەڵام کۆمەڵگە نایبەخشێ و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

بەهەمان كردەوە لەكەداری دەكات، كە ئەمەش بێبەشی دەكات لە قەبوڵكردنی كۆمەڵایەتی ئەمەش لە ئەنجامی ئەنجامدانی سەرپێچیەكی دیاریكراو كە وا لە كۆمەڵگە دەكات بە گوناهباری بزانن و لێی ڕازی نەبن.

**٢,٢. تاوان:** تاوان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی هەبوە لەشێوە و فۆرمی جیاجیادا بەپێی گۆڕانی سەردەمەكان، ئەم ڕاستیەش بەئاشكرا لە قورئاندا بەدیاردەكەوێت كە باسی بەسەرهاتی كوڕەكانی حەزرەتی ئادەم دەكات كاتێ قابیل هابیلی برای دەكوژێت لە مێژوشدا بەیەكەم تاوان دادەنرێت (قادر، ٢٠١٠: ٩). تاوان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە: ئەو ڕەفتارەیە كە پێشێلی ڕیسا ئەخلاقییەكان دەكات كە كۆمەڵ بەفەرمی سزای نەرێنی بۆ داناوە. هەروەها ڕادكلف براون بەم شێوەیە پێناسەی دەكات و دەڵێت: پێشێلكردنی ئەو نەریت و باوەڕە زاڵەیە كە كۆمەڵگای لەسەر بونیاد دەنرێت". (نصرالله، ٢٠١٦: ٢٦٨). ئەدوین سزەرلاند-یش پێیوایە: تاوان ڕەفتارێكی قەدەغەكراوە لەلایەن دەوڵەتەوە، لەبەرئەوەی زیانی لێدەكەوێتەوە، و لەبەرانبەردا بەسزا وەڵام دەدرێتەوە. (عبدالله، ٢٠١١ :١٣٥). تاوان لەڕوی یاساییەوە: بریتیە لەسەرجەم ئەو ڕەفتار و كردەوانەی لەگەڵ بڕیارو حوكمەكانی یاسایی سزاكان یەكناگرنەوە، یاسایی سزاكانیش ئەو یاسایانەن كە كردەوە نادروست و ناڕەواكان دەستنیشان دەكات و سزایان بۆدیاری دەكات (بۆكانی،٢٠٠٢: ٢٦). هەروەها لە پێناسەی ئاین بۆ تاوان دەڵێت: تاوان بریتییە لە سەرجەم ئەو كردار و ڕەفتارانەی كە تەواو پێچەوانەی فەرمانەكانی خودای گەورەو پەیامبەرەكانە (صوری، ٢٠٠٣: ٧٧). فرۆید-یش بەم شێوەیە پێناسەی تاوان دەكات لە ڕوانگەی دەرونیەوە: تاوان بریتیە لە دەربڕین و وزەیەكی غەریزی یان دەبڕینێكی یان دەرچونێكی كۆمەڵایەتی نەبوە لەبەرئەوەی وای لەكەسەكە كردوە كەوا ڕەفتارێكی وا بگرێتەبەر لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی یان ئەو لایەنانەی كەوا كۆمەڵگە ڕێگەی پێنادات، زۆربەی شتەكان فرۆید بە غەریزەی سێكسیەوە دەبەستێت و دەڵێت: (قەدەغەكردن لە تێركردنی ئەم غەریزە سێكسیانە ئاكار و ئەنجامی زۆر خراپی لێدەكەوێتەوە) (مەعروف، ٢٠١٣: ١٢). كەواتە تاوان كردارێكی ترسێنەرە لە دژی ئیرادەی گشتی و دەبێتە هۆی تێكدانی سەقامیگری و ئاسایشی كۆمەڵایەتی، چونكە دژە لەگەڵ بنەما و ڕەوشتی كۆمەڵگە.

**٣,٢. تاوانبار:** ئەو كەسەیە سەرپێچی چەند بنەمایەكی ڕەفتاری ئەو كۆمەڵگەیەی كردوە كە تیایدا دەژی كە بە زیان بۆ تاك و كۆمەڵگە دادەنرێت، و سزا دەدەرێت بە سزایەكی دیاریكراو بەگوێرەی یاساكانی كۆمەڵگەكەی (بوالماین، ٢٠٠٧: ٢٠). فیلبوا جراماتیكا لەڕوی كۆمەڵایەتییەوە وا پێناسەی تاوانبار دەكات: تاوانبار ئەو كەسەیە كە كارێكی وا دەكات دەست درێژی كردنە بۆ سەر یاسای كۆمەڵایەتی. تاوانبار لەڕوی یاساییەوە: وشەی تاوانبار ئەو كاتە بەكەسێك دەوترێت و دەسەپێنرێت لەسەری كاتێ لێپرسینەوەو (تحقیق)ی لەگەڵ بكرێت و دواتر حوكم و بڕیاری لەسەر بدرێت بەرانبەر تاوانەكەی، تا ئەو كاتە هەر بە تۆمەتبار(متهم)دادەنرێت (مەعروف، ٢٠١٣: ١٣). تاوانبار لەڕوانگەی دەرونیەوە: بریتییە لەو كەسەی كە دەناڵێنیت بە دەست شلەژان لە كەسایەتیدا كە بەرهەمی گەشەكردن و سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەیە كە لەنێوان ڕەگەزەكانی (من_منی باڵا_ئەو) دروست دەبێت (بۆكانی، ٢٠٠٢: ٣٢ ). كەواتە دەتوانین بڵێین تاوانبار ئەو كەسەیە كارێك دەكات دژی بەرژەوەندی گشتی و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و ئاسایشی كۆمەڵگە و لەبەرانبەردا ڕێگری لێدەكرێت، بەپێی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

یاساکانی وڵاتەکەی، کۆمەڵگەکەشی بەگوێرەی بەها و ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگە سزای دەدەن، چونکە کردەوەی تاوانی زیانی گشتی لێدەکەوێتەوە.

## بەشی دوەم: تیۆری لەکە

ئەم تیۆرە لە تیۆرە تازەکانە بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ڕەفتاری تاوانکاری و کەسی لادەر، و چەند شێوەیەک وەردەگرێت چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ، و پێوەر و بەها و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان کەوا کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات و حوکم دەکات دەرچون لێی بە لادان دادەنرێت، هەر تاکێک ڕەفتارێک ئەنجام بدات لە دژی ئەوە بێت کەوا باوە لەناو کۆمەڵگە یان ڕەفتارێکی تاوانکارییانە ئەنجام بدات، بە سەرپێچی دادەنرێت و دژی بەرژەوندی گشتی لەقەڵەم دەدرێت و نازناوی ناشایستە لە خاوەنەکەی دەنرێت، دەبێتە لەکە و شەرم و بێبەشی دەکات لە قەبوڵکردن و ژیانکردنێکی ئاسایی لە کۆمەڵگە، ئەو کردارەی وەکو لەکەیەک پێیەوە دەنوسێت بە گوێرەی جۆری ڕەفتاری تاوانەکەی کەوا پێی هەستاوە جیاوازی دروست دەکات لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەی و دادەبرێنرێت لە کۆمەڵگە و پەراوێزدەخرێت. تیۆری لەکە یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لە ١٩٦٠کاندا سەرنجی لە شیکردنەوەی تاوان و تاوانباراندا پەیداکرد و برەوی پێدراو بەرەو پێشەوەچو. ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە وەستاوە: ناولێنان و لەکە بەخشین کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی تاوان، چونکە بەپێی ئەم تیۆرە، پێناسەکردنی تاکەکان وەک لادەر یان تاوانبار، هەستێکی نێگەتیڤ بەخشی هەیە کە وادەکات لەکەدار کراوان هەست بکەن لەکۆمەڵگە دورخراونەتەوە، ئەم هەستە کاریگەرە لەپەیوەندی بەستن لەگەڵ گروپە تاوانبارەکاندا (KIZMAZ, 2005: 167).

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی هەردو زانای ئەمریکی ئێدواین لمێرت و هاورد پیکەر سەری هەڵدا، لمێرت تیۆرەکەی لەبارەی لەکە لە کتێبی (نەخۆشی کۆمەلایەتی) نوسیوە کە لەساڵی (١٩٥١) بڵاوی کردەوە. هەرچی هاورد پیکەرە ئەوا لە کتێبی (هزری کۆمەلایەتی لە خورافەوە بۆ زانست) باسی لە تیۆرەکەی خۆی لەبارەی لەکەوە کرد کە بە هاوبەشی لەگەڵ بارنز نوسی و لە ساڵی (١٩٦١) بڵاوی کردوە، هەروەها لە کتێبێکی تریدا بە ناونیشانی (بێگانەکان: چەند توێژینەوەیەک لەکۆمەڵناسیی لادان) چەندین زانیاری بۆ تیۆری لەکە زیادکرد و پەرەیپێدا. تیۆری لەکە بەشێکە لە تیۆری ڕۆڵی کۆمەلایەتی، چونکە باس لە ڕوانگەی کۆمەڵگە دەکات بۆ تاک و دەستپێشخەری ئەمەی دوایی دەکات بە ڕەفتارکردن و پراکتیزەکردنی لە کۆمەڵگە بە پشت بەستن بەو ڕوانگەیەی کە کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو هەیەتی. لێرەوە کارلێک لە نێوان تاک و کۆمەڵگە ڕودەدات بە پشت بەستن بەو هەست دانەوەیە کە کۆمەڵگە بەرامبەر تاک هەیەتی، ئینجا ئەو هەست دانەوەیە نێگەتیڤە، یاخود پۆزەتیڤە بەپێی ئەو ڕەفتارەی کە تاک لە کۆمەڵگە ئەنجامی دەدات (حەسەن، ٢٠١٢: ٢٨٠). ئەم تیۆرە لەسەر دو گریمانەی بنەڕەتی بونیادنراوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

١. تاوان دیاردەیەکی ڕێژەیی ناجێگیرە لە کۆمەڵگەکاندا، بۆیە تاوانەکە خۆی لەسەر بنەمای ئەو جۆرە کردارە نییە کە کەسەکە ئەنجامی دەدات، بەڵکو ڕەفتاری تاوانکاری لە ئەنجامی ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییە دروست دەبێت کە ئەوانی دیکە تایبەتمەندی تاوانباری دەدەنە پاڵ، ئەمەش ناودەبرێت بە(لەکە).

٢. لادان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لەنێوان دو لایەنی سەرەکیدا ڕودەدات: لەلایەکەوە کرداری تاکی تاوانبار، هەروەها کاردانەوەی ئەوانی تر بەرامبەر بەم کردەوەیە و لەکەدار دەکرێت وەک تاوانبار. (حنان و الطاهر، ٢٠١٩: ٢٢٩)

ئەو ڕێگەیەی ئەم تیۆرە لە تیۆرەکانی پێشو جیادەکاتەوە جیاوازیەکی بنەڕەتی نیشان دەدات لەمەڕ دیاردەی تاوان، چونکە تیۆرەکانی پێشو سەرنج دەخەنە سەر ئەو پرسیارە بۆچی تاک تاوان ئەنجام دەدات و کاریگەری تاوان چی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە؟ بەڵام تیۆری لەکە بەدوای دۆزینەوەی وەڵامە بۆ پرسیاری "بۆچی هەندێک ڕەفتار و کردەوە وەک تاوان و لادان پێناسە دەکرێن؟" هەروەها پرسیار لەو ڕێسا و سیستەمە یاساییە دەکات کە سنوری نایاسایی و یاسایی ڕەفتار دیاری دەکات، بۆیە جەخت لەسەر ئەو کەسە ناکاتەوە کە تاوانەکە ئەنجام دەدات، بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەی یاسا دروست دەکەن و لەکەی تاوانی دەخەنەپاڵ. ( KIZMAZ, 2005: 167)، بەمانایەکی تر پێش سەرهەڵدانی تیۆری لەکە، زاناکان تاوان و ڕەفتاری تاوانییان بەپێی فاکتەرە هۆکارگەراییەکانی تاوان و لادان کاریگەری و شوێنەواریان لەسەر کۆمەڵگە و بونیادی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکرد. بەڵام تیۆری لەکە توێژینەوەی هۆکارو ئاسەوارەکانی تێپەڕاند و دەستی کرد بەراڤەکردنی ڕەفتاری تاوانی، نەک بەپێی هۆکارە ژینگەییەکانی تاوانبار، یاخود ئاسەواری تاوان بەسەر کۆمەڵگە، بەڵکو بەپێی ڕوانگەی کۆمەڵگە بۆ تاوانبار، یاخود لادەر (مەعروف، ٢٠١٣: ١٨).

لمێرت، تاوانی بۆ تاوانی سەرەتایی و لاوەکی جیاکردەوە، بە وتەی ئەو، تاوانی سەرەتایی کە وەک یەکەم پێشێلکاری نۆرم و نەریت و بەهای تاک دەبینرێت، باس لە دۆخێکی کاتی دەکات، ئەم پێشێلکارییە وەک تاوانێک نابینرێت. بەڵکو گۆڕینی تاک بۆ کەسایەتیەکی بەڕاستی تاوانبار بەلادانی لاوەکی دروست دەبێت، چونکە لە لادانی لاوەکیدا کاردانەوەی تاک بۆ نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەهێز دەبێت، ئەو تاکە لەکەدارکراوە پەیوەندی بە گروپە لاوەکیە جیاوازەکانەوە دەکات و لەم بارەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری کەلتوری تاوانکاریدا دوبارە شێوە دەکات، و تاوانی ڕاستەقینە لە ڕاستیدا لەم شێوە نوێیەی کۆمەڵایەتیکردندا سەرهەڵدەدات. (KIZMAZ, 2005: 168).

لکاندنی تۆمەت بەو کەسانە بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبێت، واتە بە تاوانەکانیان دەلکێنن، چونکە ماوەیەک لەژیانیان ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە، ئەنجامدانی ئەو تاوانانە وایان لێدەکات تۆمەتباربن بەو تاوانانە بەدرێژایی ژیانیان، بۆیە کاتێک ئەو تاکە خۆی دەبینێتەوە بە درێژایی ژیانی تۆمەتبارە و کۆمەڵگەش بە ڕوانگەیەکی کەم و نزمەوە لێی دەڕوانێت، هەرگیز ناتوانێت بەرەو باشتر بیگۆڕێت، واتە ناوبانگی نزمبۆتەوە و داڕوخاوە، ئەوا ئەو تاکە دو دڵ نابێت لە ئەنجامدانی قێزەوەنترین تاوان لە دژی کۆمەڵگە، واتە لەوانەیە دوبارە بۆ تاوان بگەڕێتەوە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

له ئەنجامی ڕوانگەیەکی نێگەتیڤی بە شێوازبو کە کۆمەڵگە لەبارەی ئەو تاکە هەڵگریەتی (حەسەن، ٢٠١٢: ٢٨٢-٢٨٣). تیۆری لەکە پشت بە پێنج پرەنسیپی سەرەکی دەبەستێت ئەوانیش بریتین لە:

١- تاک بە تاوان لەکەدار دەکرێت، ئینجا ڕاست، یاخود ڕاست نەبێت، کەچی کۆمەڵگە ئەو ڕوانگەیەی لەبارەیەوە دروست کردوە وە بەجێگیر هێشتویەتییەوە لە کۆمەڵگە.

٢- بونی پەیوەندییەکی پڕ لە گومان لەنێوان تاوانبارو ئەو کۆمەڵگەیەی کە بە تاوان و لادانی و لەکەدار دەکات.

٣- لەکەدار کردنی تاک بە تاوانبار لەلایەن کۆمەڵگەوە، وای لێکردوە هەست بکات کە تاوانبارە، چونکە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە بۆ تاک پشت بە هەڵسەنگاندنی تاک بۆ خودی خۆی دەبەستێت. بەزانینی ئەوەی کە هەستی تاک بەوەی کە تاونبارە بەهای کەم دەکاتەوە وە هەستی بریندار دەکات، ئەمەش ڕەنگە پاڵی پێوەبنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی مەترسیدار لە دژی کۆمەڵگەوە.

٤- تاوانەکان بۆ دو پۆل دابەش دەبن ئەوانیش تاوانە سەرەتاییەکان کە تاک بەکردەیی ئەنجامی داوە وەک دزیکردن و کوشتن و فریودان، لەگەڵ تاوانە لاوەکیەکان، ئەوانیش ئەو تاوانەن کە تاک ئەنجامی دەدات لە دەرەنجامی ئەو ڕوانگە نێگەتیڤەی کە کۆمەڵگە لە بارەی ئەو هەڵگریەتی لە ماوەی ڕابردو، کە ڕەنگە تاوانێکی دیاریکراوی ئەنجام دابێت.

٥- هۆکارەکانی ڕەفتاری تاوان و ڕەفتاری لادەری پەیوەست نییە بە خودی تاوانبارەکە، یاخود ئەو بارودۆخە بابەتیانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەمە پەیوەستە بە لەکەدارکردنی تاک بەتاوان لەلایەن کۆمەڵگەوە، ئەو لەکەیەش پاڵ بەتاکەوەدەنێت بەرەو لادان و تاوانکردنەوە. (حەسەن، ٢٠١٢: ٢٨٤- ٢٨٥).

تیۆری لەکە یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاکان بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی لادەرانە و تاوانکاریانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن بۆچونی کەسانی تر دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خودی کەسێکی تر هەبێت، بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، تیۆری لەکە دەڵێت کاتێک کۆمەڵگە یان دەوروبەر تاکێک وەک تاوانبار دەبینن و پێناسەی دەکەن، ئەویش خودی خۆی ئەوە دەبینێت. خۆی دەگۆڕێت بۆ گونجاندنی ئەو شێوەیەی کە دەوروبەر بیری لێدەکەنەوە، ئەگەر بە تاوانبار پێناسەی بکەن لە کۆتاییدا بەپێی ئەو وەسفە هەڵسوکەوت دەکات. هەروەها وەسفکردنی کەسێک وەک تاوانبار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانی تر بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و لەبەرانبەریشدا ئەویش خۆی وەک تاوانبار دەبینێت و یان دەشێ وەک پەرچەکردارێک کردەوەی تاوانی و لادەرانە ئەنجام بدات، لەکە پێیوایە تاوان کۆمەڵێک تایبەتمەندی تاکەکان یان گروپەکان نییە، بەڵکو لەدەرەنجامی پرۆسەی کارلێککردنەوە دروست دەبێت، کە کۆمەڵگە و دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ناولێنان و لەکە بەخشین.

تیۆری لەکە هۆکارەکان پشتگوێ دەخات، وەک جیاوازی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستەکان و دەرفەتەکان... هتد، یان ڕەنگە تاوانبارێک لە دەزگاکانی چاکسازی تاوانبارێکی دیکە بناسێت و لێیەوە فێری تاوانی دیکە بێت، یان باندی تاوان دروست بکەن، زیاتر گرنگی بە کاریگەری دەوروبەر و کۆمەڵگە دەدات بەرانبەر بە تاوانبار، پێیوایە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

ناولێنان و لەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر لادەرەکە هەیە، هەروەها ئەم لەکە بەخشینە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی ئەو کەسە دروست دەکات کە ناوی لێنراوە، دەشێ بێ بەش بێت لە پەسەندی کۆمەڵایەتی و گۆشەگیر بکرێت و متمانەی لەدەست دەدات. ئەم پەراوێزخستنەی دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە دژی خۆی ببینێت و دوبارە ئاوێزانبونەوەی لەگەڵ کۆمەڵگە بۆ سەخت دەکات.

## بەشی سێیەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە

### ١. میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە توانایەکی بەهێزی هەیە بۆ ڕونکردنەوەی بارە ئاڵۆزەکان و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند پێشکەش بە توێژینەوەکە دەکات، هەورەوها لەڕێگەی شیکردنەوەی دروستەوە زانیاری شاراوەمان بۆ دەردەکەوێت (Akdemir & Kılıç, 2021: 490). توێژینەوەی چۆنایەتی هەوڵدەدات بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کێشەکە لە ژینگەی سروشتی خۆیدا، هەروەها لەگەڵ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتای وەک تێبینیکردن و چاوپێکەوتن بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی زانیاری بەدەستهاتو، کە لە سەرچاوە سروشتی و سەرەکییەکە وەردەگیرێت لەڕێگەی کارلێکی نێوان توێژەر و لێتوێژراو بە ڕەچاوکردنی پاراستنی متمانەی نێوانیان (Baltacı, 2019: 369). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (دراسە حالە- Case study) بەکارهاتوە، لێرەدا توێژەر جەخت لەسەر بایەخ دان بەوەسف کردن و ڕوچونێکی بەناو واقیعی کردەیی ئەو تاکانەی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، دەکاتەوە. واتە گرنگی دەدات بەو شتانەی کە پەیوەندییان بەڕەفتار، بۆچون، قوناغەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە (مەعروف، ٢٠١٣: ٤٥). ئەم میتۆدە باشترین ڕێگەیە بۆ توێژینەوەی (تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرانبەر بەندکراوی ئازادکراو لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لەکە) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتنی ڕەفتاری تاکەکان، یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن و لە ئاسەوار و هۆکارەکانی دیاردەکە و شیکردنەوەی، لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئەندامانی توێژینەوەکەمان.

### ٢,١. دیاریکردنی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

**١,٢,١. کۆمەڵگەی توێژینەوە:** بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر بەگوێرەی بابەتی توێژینەوەکەی دیاریدەکات کە دەتوانرێت گروپێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەربگرێت و ئەندامەکانی توێژینەوەکەی بەسەردا بگشتێندرێت (علی، ٢٠١٩: ٢٨٣). کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان شاری هەولێرە سەرجەم ئەو یەکانەن کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەمانەوە هەیە، هەوڵمانداوە ئەوانە وەربگرین کە توانای نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەیان هەیە.

### ٢,٢,١. نمونەی توێژینەوە:

نمونەی ئەم توێژینەوەیە (نمونەی مەبەستدارە) نمونەی مەبەستدار: ئەم نمونەیە بە مانای هەڵبژاردنی بەمەبەستی توێژەرە بۆ ئەندامانی نمونەکەی و بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی، ئەندامانی نمونەکە لە میانەی خشتەی هەڕەمەکی یان تیروپشکەوە هەڵنابژێردرێن (عومەر، ٢٠١٢: ٢٧٨-٢٧٩)، نمونەکانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

حەوت نمونە لەبەندکراوی ئازادکراو، پێنج دانەیان لەڕەگەزی نێرن و دو دانەیان لە ڕەگەزی مێ-ن، سەرجەم نمونەکان ئەو کەسانەن کە سزای یاساییان وەرگرتوە و ئێستا ئازادن، بۆ ئەوەی ئاکامی تەواوتر و ڕاستترمان دەستبکەوێت لە دوبارە ئاوێزان بونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە دوچاری چ جۆرە لەیەکەک و بێ بەشیەک دەبنەوە بەهۆی پێشینەی تاوانیان، هەروەها جۆری نمونەکە تۆپەڵە بەفرینە لەبەرئەوەی ئەو بەندکراوانەی لەشێوەی تۆپەڵە بەفرین دۆزراونەتەوە.

**٣,١. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:** بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مژاری توێژینەوەکە پشت بە ئامرازی چاوپێکەوتن بەستراوە، چاوپێکەوتن؛ بریتییە لە ئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان توێژەر و لێتوێژراو بەمەستی کۆکردنەوەی زانیاری گرنگ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردن و ئاراستەکردن و دواتر چارەسەرکردن (فتاح و فتاح، ٢٠١٩: ١٦٥). چاوپێکەوتن چەند جۆرێکە، جۆری بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا (چاوپێکەوتنی نیچمەکراوە)یە: لەم جۆرە چاوپێکەوتنەوە لێتوێژەر هەست بە دڵنیایی دەکات، بەهۆی ئەوەی ڕوبەڕو لەگەڵ یەکتری دادەنیشن و متمانە دروست دەبێت، لە هەمانکاتیشدا توێژەر ئازادە لە زیادکردنی پرسیارگەلێک لە کاتی چاوپیکەوتنەکە، کە پێیوایە خزمەت بە توێژینەوەکە دەکات و پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەیەوە هەیە (محەمەد، ٢٠٠٧: ٦٢). سەرجەم چاوپێکەوتنەکان ڕوبەڕو ئەنجامدراون لەنێوان (٣٠ خولەک بۆ کاتژمێرێکی) خایاندوە، هەمو ڕونکردنەوەیەک لەسەر بابەتەکە لێتوێژراوان کراوە، دوای ڕەزامەندی ئینجا چاوپێکەتنەکە ئەنجام دراوە.

## ٢. خستنەڕوی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوەکانی چاوپێکەوتن کە لە دو تەوەرە پێکهاتوە، یەکەمیان؛ لەکەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان. دوەم: لەکەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی لەم باسانە هەوڵدراوە ئەو زانیاریانە شیبکرێتەوە کە بەدەستهاتون، تاوەکو بتوانرێت تێڕوانینی کۆمەڵگە بزانین لەسەر بەندکراوی ئازادکراو لە ڕوانگەی خۆیانەوە.

لەم توێژینەوەیەدا (٧) چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە ماوەی هەمویان لەنێوان (٣٠ بۆ ٤٥) خولەکدابوە، سەرجەمیان ئەو کەسانەن کە بەندکراوی ئازادکراون و بەپرۆسەی چاکسازیدا تێپەڕیون، ڕێکەوت و کاتی چاوپیکەوتنەکان بەم شێوەیەی خوارەوەبو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

**خشتەی (١)**

**بەروار و کاتی چاوپێکەوتنەکان**

| نمونەکان | ڕێکەوت | کات | ماوە |
|---|---|---|---|
| نمونەی یەکەم | ٢٠٢٢/٢/١٨ | ١٠:٣٠ تا ١١:٠٣ | ٣٣ خولەک |
| نمونەی دوەم | ٢٠٢٢/٢/١٨ | ٠٣:٠٥ تا ٠٣:٤٢ | ٣٧ خولەک |
| نمونەی سێیەم | ٢٠٢٢/٢/٢٠ | ١١:٠٠ تا ١١:٣٠ | ٣٠ خولەک |
| نمونەی چوارەم | ٢٠٢٢/٢/٢٢ | ٠٤:٠٠ تا ٠٤:٤٤ | ٤٤ خولەک |
| نمونەی پێنجەم | ٢٠٢٢/٢/٢٦ | ٠٣:٤٥ تا ٠٤:٢٧ | ٤٢ خولەک |
| نمونەی شەشەم | ٢٠٢٢/٢/٢٨ | ٠٩:٠٣ تا ٠٩:٣٧ | ٣٤ خولەک |
| نمونەی حەوتەم | ٢٠٢٢/٢/٢٨ | ١١:٠٣ تا ١١:٤٨ | ٤٥ خولەک |

## ١,٢. لەکەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

کێشەی کۆمەڵایەتی وەک ئەو دۆخە پێناسە دەکرێت کە لە هەلومەرجی ژینگەیی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات و کاریگەری لەسەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگە هەیە کە بە هۆی ناتەبایی لەگەڵ هەندێک بەهای کۆمەڵایەتیدا دەستنیشان دەکرێت (F. Yılmaz, S. Göçen and R. Yardımcı, 2017: 139)، کێشە کۆمەڵایەتییەکان ژیان ناخۆشتر و سەختتر دەکەن، پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە تاوەکو ئەوانەی لە چوارچێوەی کێشەکەدان ئارامتر و باشتر دەستیان بگات بە ئامرازەکانی ژیان. ژیان کار و کاردانەوەیە کاتێک کەسێک ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە نەگرێت و دەستدرێژی و سەرپێچی بەرانبەر بکات، کاردانەوەی کۆمەڵگەش پەسەند نەکردنیەتی، دەشێ لەکەی تاوانبار و لادەر و سەرپێچیکار ببێتە مۆرک و تا کۆتایی بەنێوچەوانیەوە بمێنێتەوە و متمانەی کۆمەڵگەکەی لەدەستبدات. ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەستنیشانکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایاتیانەیە کە بەهۆی لەکەی کۆمەڵایەتییەوە دوچاری ئەوانە دەبنەوە کە پێشینەی تاوانیان هەیە هەرچەندە بە پرۆسەی چاکسازیشدا تێپەڕیون.

**١,١,٢. لەبەریەیەکهەڵوەشانەوەی خێزان:** تەلاق دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی خێزان و کۆمەڵگە، کەواتە ئەو کرادەرەیە کە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوە ئەو هاوسەربەندیەی کە گرێدراوە لەنێوان ژن و مێرد یاخود بریتیە لە ناوچونی پەیوەندی هاوسەرگیری کە لەنێواندا هەیە (جمیل، ٢٠٠٨: ٧٣). زۆربەی نمونەکانی توێژینەوە دوای ئەوەی کە هاوسەرەکانیان زانیویانە تاوانبارن داوای تەلاقیان کردوە و جیابونەتەوە، ئەوەی تریش کە جیانەبۆتەوە بەهۆی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە ماونەتەوە لەگەڵ یەکتر. سەبارەت بەو کێشەیە یەکێک لە نمونەکانی ئەم توێژینەوە دەڵێت: **(بەڵێ ئەو کاتەی لە زیندان بوم لێم جیابویەوە، پیم گوت کە لەبەر منداڵەکان با جیانەبینەوە من ئازاد دەبم و دێمەوە لاتان، پێی گوتم دەبوایە تۆ لەبەر منداڵەکان تاوانت ئەنجام نەدابایە)**، هەر سەبارەت بەم کێشەیە یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوەکەمان دەڵێت: **(دوای ئەوەی**


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

**دەستگیرکرام کەوتمە بەندیخانە یەک جار هاتە سەردانم و دوای ئەوەی زانی تاوانبارم یەکسەر دەستی بە ڕێکارەکانی تەلاقدانم کرد)**، ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەنجامدانی تاوان لەژێر هیچ پاسا و بیانویەک پەسەند نییە و ڕەتکراوەتەوە لەلایەن کۆمەڵگە، هەروەها بەهۆیەوە دوچاری لەکەی کۆمەڵایەتی شەرم و شورەیی دەبیتەوە، وەک کەسایەتیەکی خراپ و ناڕێک دەبینرێت و ئەوەی لەگەڵیشیاندا بژییێت بەهەمان چاو سەیر دەکرێت، بۆیە ڕەنگە لەم ڕوانگەیە تەلاق وەربگرن تاوەکو کەسایەتی خۆیان بپارێزن، و لە هەمانکاتدا دوبارە متمانە بەخشینەوە بە تاوانبارێک سەختە و لەم نێوەندەدا متمانە نامێنێت.

ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە هەرچەندە بەپرۆسەی چاکسازیدا تێپەڕیون و سزای خۆیان وەرگرتوە و ئازادکراون، بەلام لەسزای کۆمەلایەتی ڕزگاریان نەبوە، دوبارە نابنەوە جێگەی متمانە، ئەوانەشەی کە جیانەبونەتەوە لە ماڵێکی سارد و نائارام و بەکێشە و ئاژاوەدا شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، نمونەیەکی توێژینەوەکەمان دەڵێت: **(هاوسەرەکەم لێم جیا نەبوەتەوە بەلام نێوانمان هیچ باش نییە دوای ئەوە بەردەوام کێشەمانە)**، هەروەها یەکێکی دیکە لە نمونەکانی توێژینەوەکەمان دەڵێت: **(نەخێر جیانەبوینەتەوە، بەدڵ حەزدەکەم لێی جیابمەوە، چونکە ئەو فێری تاوانی کردم لەسەر داوای ئەو ئەنجاممدا، بەلام من کەسم نییە بچمە لای بمپارێزێت و بەخێوم بکات، ناچاربوم بەگوێم کرد)** ئارامی و ئاسایش و متمانە هۆکارێکی گرنگن بۆ مانەوە لەماڵەوە لەگەڵ هاوسەر، لەباری نەمانی ئەمانەدا ڕێز و خۆشەویستی نامێنێت لە نێوان هاوسەراندا و کێشە و ساردی دەکەوێتە نێوانیان، تەنانەت دەگاتە حاڵەتی جیابونەوە و تەلاق-یش، بەلام لەزۆر باردا بەناچارەکی بەهۆی نەبونی شوێنی باشتر و چاکر لەو ماڵەی تێیدایە بەهۆی نەبونی کار و نەبونی پشت و پەنا و هێزی کۆمەلایەتیەوە لەگەڵ یەکتریدا دەمێننەوە، بەلام چونکە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی نییە، هەمیشە کێشە و ناکۆکی لە ئامادەباشیدایە. ئەنجامدانی تاوان ترس دروست دەکات ولەدڵ و هەستی ئەوانەی بەرانبەردا دەیچێنێت و وادەکات هەڵکردن و مانەوە لەگەڵیان سەخت بێت.

تەلاق دیاردەیەکی ترسناکە چونکە دەبێتە هۆی لەبەریەکەوەشانەوەی خێزان و گەر لەنێو ئەم خێزانەدا مندال بونی هەبێت ئاکامە نێگەتیڤەکانی زیاتر دەبێت، بەلام لە هەمانکاتدا تەلاق وەک چارەسەری دانراوە، کاتێک لەماڵێکدا ژن و مێرد نەتوانن بە ئارامی بژین، هەروەها بەڕێز و شکۆوە و کەسایەتییان بەهۆی یەکەوە زیانی پێبگات و لەکەی شەرم و شورەییان بێتەوە سەر لەلایەن دەوروبەر و کۆمەڵگەوە، تەلاق دەبێتە بژاردەیەکی چارەسەری.

**٢,١,٢. بێکاری:** لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارەوە "بێکار" بەوە پێناسە دەکرێت کە (ئەو کەسەی ئامادەیە بۆ کارکردن و دەست بەکار بکات، بەلام ناتوانێت کارێک بدۆزێتەوە) (ADAK, 2010: 108). بێکاری بەفیرۆچون و بەهەدەرچونی کاتە گەشەسەندن خاو دەکاتەوە، بێکاری کێشەیەکی کۆمەلایەتی گرنگە کاردانەوەکانی لەسەر کەسی بێکار و ڕەهەندە کەسییەکانی دەردەکەوێت. یەکێک لەو کێشانەی کە بەهۆی بێکارییەوە دروست دەبێت لە دەستدانی ئاسایشی ئابورییە، ئەو کەسەی دوچاری بێکاری دەبێت و ناتوانێت پێداویستیە مادییەکانی وەدەست بهێنێت، ڕەنگە دوچاری کێشەی دەرونیش بێت بەهۆی خراپی چونایەتی ژیان و بژێوی ئابورییەوە کاریگەری لەسەر دورستدەکات. مانای بێکاری لەتاکدا دەرەنجامی گرنگ و خەمناک دروست



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

دەكات و نائومێدی و بێزاری و فشار و ڕەفتاری شەڕانگێزی كاریگەری لەسەر ژینگەكەی و ئەندامانی خێزانەكەی دەكات، مرۆڤ هیوا لە دەست دەدات و هەست بە بێ دەسەلاتی دەكات.

ئێمە لێرەدا باسی كۆمەڵێكی دیاریكراو دەكەین كە بەهۆی ئەوەی پێشنەی تاوانیان هەیە سەرباری تەواوبونی سزاكەیان، بەڵام لەكەی تاوانیان هەر بەدواوەیە و كۆمەڵگە وەك تاوانبار لێیان دەڕوانێت و گۆشەگیریان دەكەن، بەو هۆیەوە دوچاری بیكاری دەبنەوە، هەرچەند ئارەزوییان هەبێت بۆ كاركردن و هێزی كاریان هەبێت، بەڵام نابنە جێگای باوەڕی كۆمەڵگە، سەبارەت بەو كێشەیە لە بەندكراوێكی ئازادبو كە یەكێكە لە نمونەكانی توێژینەوەكەمان دەڵێت: **(ئێستا كرێكاری دەكەم ئەویش بە بەردەوامی نییە زۆر زۆر كەمە ئەوەی دەستم دەكەوێت ناتوانم پێی بژیم، چونكە ئەوەی بمناسێت نامبات بۆ كار، دەیان شوێن گەڕاوم كار نییە، ئەوەی بمناسێت دامنامەزرێنێت، بەهۆی ئەوەی پێشینەی تاوانم هەیە)**، سزای كۆمەڵایەتی بەردەوامە، توانای سودبەخشی لەدەستداوە لە ڕوانگەی كۆمەڵگە بۆیە بۆیە بەشداری كارەكانی خۆیانیان پێناكەن. هەروەها یەكێكی تر لە نمونەكانی توێژینەوەكەمان دەڵێت: **(بەڵێ بێگومان دەستكەوتنی كار ئەستەمە، زۆر هەوڵمدا كارم دەستنەكەوت، دەستكەوتنی كار بۆ كەسی ئاسایی و باشیش سەختە ئینجا بۆ كەسی وەك من، تەنها لەیەك شوێن كارم دەستكەوت ئەویش دوای هەفتەیەك زانیان كە پێشینەی تاوانم هەیە دوریان خستمەوە لەكار، دوای ماوەیەكی زۆر بێكاربوم، ماڵەوەمان زۆر باشن بۆم، چونكە دەزانن پەشیمانم، پشتیان لێنەكردم، باوك و براكانم كاریان بۆ دۆزیمەوە ئێستا كاری خۆمم هەیە، فرۆشگایەكی بچوكم هەیە سەربەخۆمە، خراپ نییە دەتوانم خۆی پێ بژێنم)** یەكێكی تر لە لێتوێژراوان دەڵێت: **(زۆر گەڕام لە چەندین كۆمپانیا و شوێن، كارم دەستنەكەوت، كەس كاری پێنەدام، ئێستا بۆ خۆم كاسبی تایبەت بەخۆم دەكەم لەسەر عارەبەنەیەك كار دەكەم)** تەنها خستنە بەر بەرنامە و پرۆسەی چاكسازی و زیندانی كردن نابێتە چارەسەری، بەڵكو پێویستە دوای تێپەڕبونیان بەپرۆسەی چاكسازی دەرفەتی كاریشیان بۆ برەخسێ، تاكو بتوانن سەرقاڵی بەدەست بێنن و دەستیان بگات بە پێداویستییە مادديیەكانیان، ئەمەش لەڕێگەی سیستەمێك و بەرنامەیەكەوە دەكرێت كە خێزان حكومەت بەیەكەوە بیانگرنەخۆ و هاوكار وپاڵپشتیان بن، چونكە ڕەنگە هیچ كەسێك لەبازاڕی كاردا ئامادەنەبێت كار بەكەسێك بدات كە پێشینەی تاوانی هەیە و ناتوانێت باوەڕییان پێ بكات، چونكە لەكەی تاوانباری هەڵگرتوە، بۆیە ئەمانە زیاتر كاری سەربەخۆ بۆیان گونجاوترە، هەتا گەر كارەكە بچوكیش بێت، دواتر قوناغ بەقوناغ دەتوانێت پەرەی پێبدات و فراوانتری بكات، بەم شێوەیە دەكرێ بەرە بەرە ئاسایی ببنەوە.

یەكێكی تر لە لێتوێژراوان كە خاوەن داهاتی خۆیەتی و باری دارایی باشە دەڵێت: **(خۆم خاوەن كارم و پارەم هەیە، كێشەم نییە، بەڵكو كرێكاریشم هەیە، ناچارن پێویستیان پێمە، دواتر هەمو خەڵك نازانن من پێشینەی تاوانم هەیە)** ئەوانەی داهاتێكیان هەیە و دەتوانن سەربەخۆ كاربكەن باشترە لەوانەی كە چاویان لە كەسانی ترە دەستگیرۆییان بكەن و پاڵپشتی ماددی و مەعنەویان بكەن، بەڵام هەر هەستییێكی شەرمەزارانەیان هەیە و هەوڵی شادرنەوەی ئەوە دەدەن، كە پێشینەی تاوانیان هەیە، بۆ ئەوەی توشی لەكەی تاوانباری نەبن، چونكە زیان بە كارەكەیان دەگەیەنێت و لەوانەیە ئاستی داهاتیان لاواز یان كەمبكاتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

یەکێک لە لێتوێژراوان کە لە ڕەگەزی مێیە سەبارەت بەم کێشەیە دەڵێت: **(من بڕوانامەم نییە کەس کارم پێنادا، دوای ئەوەی خەڵک دەزانێت من پیاوەکەشم خراپەکارین کێ کارمان پێ دەدات تەنیا کەسی وەک خۆمان، زۆر بێزارم لە ژیانم)** هەروەها یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوەکە کە ئەمەشیان لە ڕەگەزی مێیە دەڵێت: **(دەستکەوتنی کار زۆر سەختە، دوای ئازادبونم دو کارم دۆزیەوە، کاری یەکەمم ماوەی سێ مانگ کارم کرد، ڕۆژێکیان شتێک لەو شوێنەی کارم لێدەکرد ونبو، یەکسەر گومانیان خستەسەر من و بەهانەیان پێدەگرتم ناچار بەجێمهێشت، کاری دوەمیش دەیانەویست بەکارمبێنن بەجێمهێشت دەترسام لێیان)** ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە دەشێ بڵێین بەچاوی گومانەوە سەیر دەکرێن و لەکەی تاوانباری وەک مۆرک پێیانەوە نوساوە، بەڵام بە گوێری وتەکان و لێدوانی ئەو لێتوێژراوانەی لەڕەگەزی مێ-ن، لەوەدەچێت کێشەکە بۆ ئەوان سەختتر و گەورەتربێت، لە ئاکامی بونی پێشینەی تاوان لەکاتی تێکەڵبونیان لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەی کاردا دوچاری کێشەیەکی تریش ببنەوە لە ئەویش (ئیستغلالکردن) و بەکارهێنانیان و بەکەم ڕوانینیان بەمەبەستی بە کارهێنانی سێکسی.

وا دەرکەوێت ئەوانەی هەڵگری لەکەی تاوانبارین، ناتوانن و ئەستەمە کارێک بدۆزنەوە کە تێکەوڵاوی کۆمەڵایەتی هەبێت و لەگەڵ کەسانی تر کاربکەن، گەر بتوانن کارێکی سەربەخۆ بکەن باشتر و گونجاوترە، گەرنا کاریش بدۆزنەوە دوای ئەوەی خاوەن کار هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریان لەسەر دەدات و بەوە دەزانێت کە تاوانباری ئازادکراون یەکسەر دوریان دەخاتەوە. کارکردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان بۆ ژیانێکی باشتر و شیاوتر، هەروەها لەڕێگەی کارەوە موچە و داهات و سامان دەست دەکەوێت کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیان، بەڵام لە ئاکامی بێبەشبون و بێکاریدا ڕەنگە دوبارە دەست بۆ تاوان ببنەوە، یان لەڕێگەی گروپەکانی تاوانەوە بکەونە ناو گروپە تاوانکارییەکانەوە کە ئەمەش وایان لێدەکات دوبارە بگەڕێنەوە بۆ تاوان.

**٣,١,٢. کێشەی هاوسەرگیری:** هاوسەرگیری پرۆسەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی لەبەرئەوەی بناغەی بونیادنانی خێزانەوە لەڕێگەیەوە وەخەدەخرێتەوە و گەشە بە مرۆڤایەتی دەدرێ، سەرەتا پێناسەیەکی هاوسەرگیری دەکەین (پەیوەندییەکی پیکەوە گرێدەرانەی بڕیاردراوە لەڕوی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاینییەوە لەنێوان پیاو و ژندا، ئەم بەیەکەوە گرێندانە کۆمەڵێک لە پابەندی و مافی ئاڵۆگۆڕکراویان بەسەردا دەسەپێنێت، هەر یەکێکیان خاوەنی ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیەتی وەک ژن و مێرد، هەروەها لە ئایندەشدا وەک دایک و باوک)(دکتورە سەمیرە، ٢٠٠٧: ١٢٤). هاوسەرگیری پرۆسەیەکی ئارەزومەندانەیە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی ئەنجام دەدرێت بەخواستی هەردولا ژن و پیاو، ئەویش لەڕێگەی گەڕان و ناسینی کەسی شیاو و گونجاو کە دەرفەتی ژیانی ئارام و گونجاو برەخسێت تاوەکو دو کەس بەو پەڕی سەربەرزی و شکۆوە لەگەڵ یەک لەیەک خانو ماڵدا ژیان بکەن. واتە لە پرۆسەی هاوسەرگرتن وردبینی و بەدواداچون لە شیاو و شایستەی ئەو کەسە دەکرێت، بۆ خێزانەکان و باوان و کەس و کارەکانی چ پیاو چ ژن ئەمە مژارێکی گرنگە. ئەوەی لێرەدا کێشەکەی قوڵکردۆتەوە لەسەر لێتوێژراوان ئەوەیە ئەوان هەرچەندە سزای خۆیان وەرگرتوە، ڕەنگە بوبێتنە کەسێکی ئاسایی و باش و گونجاو بەڵام هۆی لەکەی کۆمەڵایەتیەوە کە پێشینەی تاوانیان هەیە کۆمەڵگە لێیان خۆش نابێت و تێکەڵبون لەگەڵیان بەشەرم و شورەیی لەقەڵەم دەدات، یەکێک لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: **(هەوڵمداوە بۆ هاوسەرگیری، تەنیایی بەس بۆ**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

**خوا باشە، سێ داخوازیم کردوە، کەس کچی خۆی بەمن نادا، دەڵێن هەواڵت پێ دەدەینەوە دوای دەڵێن قسمەت نەبو، هەر کەسێک کچی خۆی بەشو بدات، بێگومان دەپرسێت لەو کەسە بزانێت کێیە، لەوانەیە دوای پرسین بزانن پێشینەی تاوانم هەیە، بۆیە ڕازی نەبن)** یەکێکی تریش دەڵێت: (**ڕێکنەکەتوە تا ئێستا هاوسەرگیری ئەنجام بدەم، تەمەنم بیست و نۆ ساڵە، دو جار هەوڵی هاوسەرگیرم داوە، بەڵام نەبوەتە قسمەت، یەکێکیان ڕاستەوخۆ پێیگوتین چۆن کچی خۆم دەدەمە کوڕەکەتان کە پێشتر تاوانی ئەنجام داوە. ئەوەی تریش گوتی هەواڵتان پێدەدەمەوە. دواتر گوتی نابێت، هەر وا دەزانن تاوانبارم، سەختە بۆمن هاوسەرگیری ئەوان نازانن ئێستا من گۆڕاوم، ئێستا کەسیکی ترم).** لێرەدەدا بەگوێری وتەکانیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خۆشیان هەست بەوە دەکەن کە بەهۆی ئەوەی تاوانیان ئەنجامداوە پەراوێزخراون و متمانەیان پێناکرێتەوە.

بەشێک لە نمونەکانی توێژینەوەکەمان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەوان کێشەی داهات و کاریان هەیە کە ناتوانن کاربکەن کێشەی هاوسەرگیری بە نەبونی کارەوە دەبەستنەوە یەکێک لە نمونەکان دەڵێت: (**نەخێر هاوسەرگیری بەچی بکەم، کەس کاریشم پێنادا ئینجا چۆن کچیانم پێ دەدەن، کەس باوەڕ بەئێمە ناکات)** یەکێکی تر دەڵێت: (**خۆم پێ ناژیێ بێکارم، هەر بیریشم لێ نەکردۆتەوە)** ئەنجامدانی هاوسەرگیری پێویستی بەوە هەیە کە توانای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون و حەوانەوەت هەبێت چ بەشێوەی بەکرێگرتن یان کڕین، هەروەها دابینکردن و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی گوزەران و ژیان وەک خواردن و خواردنەوە...هتد، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەکەی تاوانباریان هەڵگرتوە دەسکەوتنی کاریش ئەستەمە بۆیان، هەندێک کاری سادە دەکەن کە هەر بەشی پێداویستییەکانی ڕۆژانەشیان ناکات.

**٤,١,٢. کێشەی شوێنی نیشتەجێبون:** مرۆڤ بە حەوانەوەی خۆی دوای ماندوبون و هیلاکی پێویستی بەشوێنێکە تیایدا بمێنێتەوە کە تیایدا هەست ئاسایش و ئارامی بکات و خۆی بپارێزێت تیایدا، مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەپەیوەندیدایە لەگەڵ دەوروبەری، ئاڵوگۆڕی و پڕکردنەوەی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی لەڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە بەدەستدەهێنێت. کێشەی لێتوێژراوان ئەوەیە بەهۆی ڕقی کۆمەڵایەتی دەوروبەریان، کە پێشتر سەرپێچی و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان کردوە، ناتوانن پەسەندی دەوروبەر بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی لە گەڕەکێک یان کۆڵانێک نیشتەجێبن، گەر ڕێگەشیان بدرێ، ئەوا بەچاوێکی ئاسایی سەیرناکرێن و کەس تێکەڵاوییان نابێت و پەراوێزدەخرێن. سەبارەت بەم کێشەیە نمونەیەکی توێژینەوە دەڵێت: (**خانویەکم لە نزیک ماڵی باوکم بە کرێ گرت، خەڵکی کۆڵانەکە زانیان پێشینەی تاوانم هەیە، دەریانکردم، کۆبونەوە هەمو چوبونە ماڵی باوکم قسەیان لەگەڵ باوکمدا کردبو، گەر خۆت دەرینەکەی سکاڵا لەسەر ئێوە و کوڕەکەشتان تۆماردەکەین، ئێستا لە گەڕەکێکی تر دەژیم کەس ناناسم)** یەکێکی تر لە لێتوێژراوان دەڵێت: (**تا ئێستا لە دو گەڕەک دەرکراوین کە دەماناسن یەکسەر کۆدەبنەوە دەرمان دەکەن، ناچارین بڕۆین کاتێک کەسیان نەیانەوێ لەوێ بین چۆن بمێنینەوە گەرنا سکاڵامان لێدەکەن و پۆلیس دێننە سەرمان).** ئەوە کێشەیەکی قوڵی ئەو کەسانەیە کە پێشینەی تاوانیان هەیە، دوچاری گەلەکۆمەکی دەبنەوە و بەهۆی ئەوەی متمانەی کۆمەڵایەتییان لەدەستداوە و کۆمەڵگە وەک مەترسی سەیریان دەکات و ناتوانێت متمانەیان پێبکات بۆیە لەوانەیە بە پەنهانی بژین و بەدرۆکردن پێشینەی تاوانیان بشارنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

ئەوەی داهاتی هەبێت و توانای ئەوەی هەبێت موڵکی تایبەت بەخۆی بکڕێت و خاوەن کاری خۆی بێت و سەرقاڵ بێت باشترە و لەوانەیە بتوانێت جێگیر بێت، یەکێک لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: **(خاوەن ماڵ و خانوی خۆمم، درواسێیەکان قسەم لەگەڵ ناکەن، دەزانم لەدەستیان بێت دەرم دەکەن بەڵام هێزی منیان نییە).** خاوەن ماڵ هێزی کۆمەڵایەتی زیاترە، بە بیانوی ئەوەی ئەو خانوەی تێیدایە بەناوی خۆیەتی و شەرعیەتی یاسایی هەیە و ئەمە هێزی پێ دەدەات، بەڵام کرێچی دەرکردنی ئاسانترە و زیاتر دەسەڵاتیان بەسەریدا دەشکێت، هەم بۆ کرێچی جیاوازی نییە چ لەم گەڕەکە بێت یان گەڕەکێکی تر، بۆیە کاتێک لە گەڕەکێک و کۆڵانێک کە کەس پەسندیان ناکات و تێکەڵ نابن و بەچاوی کەمەوە سەیر دەکرێن جێی دەهێڵن. هەر سەبارەت بەم کێشەیە، سێ لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێن: **(لەماڵی باوکمان دەژین)** ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هەندێک لە خێزانی کوردی لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێنی خاوەنداریێتی منداڵەکانیان لە ئەستۆ دەگرن و باوەشیان بۆ دەکەنەوە، تاوەکو ببنەوە کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە و دەستهەڵگرن لە لادان و تاوان.

## ٢,٢. لەکەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی:

هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا خاوەنی پێگەیەکی خۆیەتی، شوێنی گشت تاکێک لە تاکەکانی دیکە جیاوازە، هەروەها کۆمەڵێک بەرپرسیاریێتی چاوەڕوانکراو بەو پێگەیە بەستراوەتەوەکە ئەو کەسە پێی هەڵدەستێت پێیدەڵێن ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان (خەمەش،٢٠١٢ :٢٠٩). بەواتایەکی تر ڕۆڵ ئەو ڕەفتارەیە کە لەو کەسە چاوەڕوان دەکرێت (موحسنی، ٢٠٠٢: ٢٣٤)، هەورەها پێگە: بە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و پلەیەک دەگوترێت کە تاک لە گروپ و یان لە ئاستی کۆمەڵایەتی گروپێکدا، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گروپەکانی دیکە بەدەستی دەهێنێت. پێگە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی تاک ماف و بەرژەوەندییەکانی تاک دیاری دەکات. ڕۆڵ؛ بەهەڵسوکەوتێک دەگوترێت کەکەسانی دیکە لەو تاکەی کە پێگەیەکی دیاریکراوی بەدەستهێناوە. چاوەڕیی دەکەن. ڕۆڵە شیاوەکان بەشێوەی بەشێک لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون فێری تاک دەکرێت و پاشان تاکیش قبوڵیان دەکات (کۆهین، ٢٠١٤: ٩٧). تاک لە کۆمەڵگەدا بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی کە هەیەتی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەری ڕێکدەخات چ لەسەر بنەمایی پلە و پۆست بن یان یەکسانی و ڕێز و خۆشەویستی، بەڵام ئەوانەی نازناوێکی خراپیان هەڵگرتوە پێگەیەکی لاوازیان هەیە و دەشێ دەرفەتی هەنگاونانیان پێنەدرێت و نەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و پەراوێز بخرێن، ئێمە باس لە پێگە و ڕۆڵی ئەو بەندکراوە ئازادبوانە دەکەین کە پێشینەی تاوانیان هەیە کە خۆیان گوزارشت لە پێگە و ڕۆڵی خۆیان دەکەن لە کۆمەڵگەدا پەیوەندییان چۆنە و چی بەسەرهاتوە دوای ئەوەی کە سزای یاسایی خۆیان وەرگرتوە، ئایا سزای کۆمەڵایەتییان کۆتاییپێهاتوە دەتوانن پێگەی خۆیان دیار بکەن ورۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ببینن لە کۆمەڵگەدا دوای ئەوەی کە بەپرۆسەی چاکسازیدا تێپەڕیون لەکە و مۆرکی تاوانیان هەر بەدواوەیە.

**١,٢,٢. هەوڵدان بۆ دوبارە تێکەڵبونەوەی لەگەڵ کۆمەڵگە:** بەگشتی ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە، لە سزای کۆمەڵایەتی ڕزگاریان نابێت و ئاوێزانبونیان لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگە سەختە و متمانەپێکراو نابن لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە، بۆیە لەوانەیە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بپچڕێنن، یەکێک لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: **(پەیوەندییم**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

**لەگەڵ کەسدا نەماوە، ئێستا لە هۆتێلێک هەرزان بەها دەمێنمەوە)** لەکەی تاوانباری هەستێکی شەمەرزارکەر و ناخۆشە، جگە لەوەی کۆمەڵگە هیچ پێگەیەکی بۆ دانانێ و هیچ ڕۆڵێکیش بەو کەسانە نادات، لەوانەیە خودی کەسەکەش (بەندکراوی ئازادبو) کە هەڵگری لەکەی تاوانباری هەستێکی شەرمەزارانەی هەبێت و ڕوی ئەوەی نەبێت تیکەڵی کۆمەڵگە بێت، چونکە تاک خۆی لە ڕوانگە و بینینی ئەوانیترەوە هەڵدەسنگێنێت و بەچاوی ئەوانەوە خۆی دەبینێت. یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوە کە شوێنی نیشتەجێبونی پێشوتری بەجێهێشتوە دەڵێت: **(هەر خۆی خەڵک ئێستا زۆر تێکەڵی یەک نابن مەگەر بەرژەوەندییان لەگەڵ یەک هەبێت، نا لێرە کەس ناناسم، کاری خۆم دەکەم و هەقم لەکەس نییە و کەسیش هەقی لەمن نییە، لەو شوێنەی ئێستام کە لێی نیشتەجێم کەس ناناسم)**، هەندێکیان شوێنی نیشتەجێبونی پێشوتریان بەجێهێشتوە، چونکە هەر بە چاوی تاوانبار سەیرکراون لەلایەن دەوروبەرەوە و زیاتر دورەپەرێز و تەنیان، ئەوانەی کە لەگەڵیشیان تێکەڵن بێئاگان لەوەی کە پێشینەی تاوانیان هەیە.

یەکێکی دیکە لە نمونەکانی توێژینەوە کە لەگەڵ ماڵی باوکی دەژییێت دەڵێت: **(لەگەڵ ماڵەوە دەژیم، کەس تێکەڵم نابێ لەماڵەوە دەڕۆمە دەرەوە هەمو دەمناسن هەزار جار بەلامدا تێپەڕن سڵاویش ناکەن)**. لە خێزاندا پەیوەندییەکانی نێوان (باوان و منداڵەکان، خوشک و برا، برا و برا) زیاتر لەسەربنەمای سۆز و خۆشەویستییە، چونکە پەیوەندییەکی خوێنیە. بۆیە دەکرێ باوەشی سۆز و خۆشەویستیان بۆ بکەنەوە و هەوڵدەن بۆ دوبارە دروست کردنەوەی وەک کەسێکی ئاسایی و سودەبەخش بۆ کۆمەڵگە تاوەکو زیاتر بەرەو لادان و سەرپێچی نەچێت، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی خێزان. بەڵام لەکەی تاوانباری ناتوانێت ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگە باش بکات، چونکە لەوانەیە کۆمەڵگە ئەو تاکە بە دژی خۆی بزانێت، چونکە سەرپێچی و تاوانی دژی بەهاکانی کۆمەڵگە کردوە. دو نمونەی توێژینەوە کە هەستێکی خەمگینانەیان هەیە دەڵێن: **(لەگەڵ ماڵی بابم دەژیم، ڕاستی خۆم شەرم لەخۆم دەکەمەوە، هەست بە خەڵکی دیکەش دەکەم ڕوانینیان بۆم ئاسایی نییە و باش نییە.** ئەویتریشیان دەڵێت؛ **هەموی بەچاوێکی زۆر ناشیرن سەیرت دەکەن گەر هیچیش نەڵێن لێیان تێدەگەم)**. کەواتە گەر بەهەر هۆکارێک بێت چاوپۆشیشیان لێبکەن و دوریان نەخەنەوە، یاخود بەمانایەکی تر تەنانەت گەر قسەشیان لەگەڵ بکەن ئەوا بیرکردنەوەیان بەرانبەریان ڕوانین نیە لە مرۆڤێکی ئاسایی، بەجۆرێک کە تەنانەت خۆشیان (بەندکراوی ئازادکراو) درک بەو جۆرە ڕوانینە نائاساییانە دەکەن، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ تەنانەت هەستی پەشیمانیش ناتوانێت ئەو لەکەیە لا ببات و مۆرکی تاوان تۆخ نوساوە پێیانەوە کە پێگەی لاواز کردون و ڕۆڵی بۆ نەهێشتونەتەوە، وا دەردەکەوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمانەدا تەنیا ناچارەکی و بەپێی پێویست بێت، تێکەڵبون و پەیوەندی بەستن لەگەڵیاندا شێوازێکی سروشتی و پتەوی نییە، وەک ئەوەی یەکێک نمونەکان دەڵێت: **(هەندێک هەن لێم دورکەوتونەتەوە دوای ئەوە زیندانی کرام، بەڵام من پارەم هەیە و کارم پێیان نییە، خەڵکی تر خۆی دێتە لام و کاری بەمنە، کێشەم نییە. کە پارەت هەبو هەمو شتێکی لەم سەردەمە)** ڕەنگە ئەم پەیوەندییە تەنیا بۆ پێکهنان وجێبەجێکردنی کارەکان بێت نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ببنە هاوڕێ و ڕێزی بۆ دابنێن، بەمانایەکی تر لەگەڵ کۆتایی هاتنی کار و بەرژەوەندییەکە لەوانەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکە بپچڕێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

لەکەی تاوانباری دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی ئەوانەی کە پێشینەی تاوانیان هەیە، ئەم گۆشەگیرکردنە دەبێتە لاوازبونی کەسایەتیان، هەرچەندە ڕەنگە پێشتریش بەهۆی لاوازییانەوە پەنایان بۆ تاوان بردبێت، ئەمەش ئازارەکەیان زیاتر دەکات و ڕەنگە وایان لێبکات ڕق هەڵگرن بەرانبەر کۆمەڵگە و زیاتر بەرەو سەرپێچی برۆن، یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوەکە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: **(کەس تێکەڵی ئێمە ناکات، کەسانی وەک خۆمان خراپەکار و تاوانبار نەبێت، قێزمان لێدەکەنەوە، هەر خۆشمان تێکەڵ نابین دەزانین کەس چارەی ئێمەی ناوێ، بەهۆی ئەو تاوانانەی کردومانە)**. کەواتە ئاکامی لەوانەیە کێشەیەکی دیکەی لێبیبێتەوە کە دەشێ بە مەترسیداری ئەژمار بکەین، لە ئەنجامی داخستنی سەرجەم دەرگاکان بەسەریاندا لەگەڵ کەسانی خراپەکار و لادەر تێکەڵبن، ڕەنگە دوچاری تاوانی نوێ و لادان و خراپەکاری دیکە ببنەوە.

ئەمانە پیویستیان دوبارە بە بونیادنانە و پێگەیاندنە، بۆ ئەوەی بتوانن وەک کەسێکی ئاسایی ڕۆڵی خۆیان ببینن، لەسەر هەمو کۆمەڵگە پیویستە دەستگیرۆییان بکات بەپێی توانا و گونجاوی، بەتایبەت حکومەت و خێزانەکانیان کە بەرپرسیارێتی سەرەکیان لەئەستۆیە، چونکە تاوان زیان تەنیا بە خودی کەسەکە ناگەیەنێ ئەو تاوان بەرانبەر خەڵکانی دیکە و کۆمەڵگە ئەنجام دەدات، بۆیە زیانەکەی بەسەر هەمواندا دەشکێتەوە، دۆخێکی گشتی ناسەقامگیر دروست دەبێت و تاک بەتاکی کۆمەڵگە هەستی ئاسایش و ئارامی دەشێوێت.

**٢,٢,٢. پەیوەندی و ڕەفتار و مامەڵەی ماڵە باوانی:** خێزان بناغەی پێگەیاندنی تاکە، سەرەتا تاک لەڕێگەی خێزانەوە فێری ڕەفتار و ژیان دەبێت، پشتگیری و دڵسۆزییەکانی وا لەتاک دەکات هەست بەپێگەی خۆی بکات و ئازایانە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بەڵام کاتێک ئەندامێک یان تاکێکی خێزان دژی بەها باوەکان کە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی لەسەر بونیادنراوە بوەستێتەوە، ئەوا لەوانەیە ئەو پشتگیر و سۆزەی خێزان بەرانبەری لاواز بێت یان نەمێنێت بۆی. ئەوانەی تاوانیان ئەنجامداوە کە دەستدرێژی کردنە سەر کۆمەڵگەیە و مافی گشتی پێشێل دەکات دەبێت چاوەڕوانی ئەوەشی هەبێت کە کۆمەڵگە ڕەتی بکاتەوە، بەشێکی لێتوێژراوان تەنانەت لەلایەن خێزانەکانیشیان دورخراونەتەوە، لەوانەیە بەهۆی لەکەی کۆمەڵایەتییەوە کە ئەوانە گەر وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان وەربگرنەوە و قەبوڵیان بکەن دوچاری شەرمی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لەلایەن دەوروبەرو خزم و کەسوکاریانەوە، بۆیە بەپاساوی ئەوەی کە مادامەکێ ئەوان ڕەچاوی کەسایەتی و ئابڕوی خیزانەکەی نەکرد و تاوانی ئەنجامدا، ئەوانەیش ئەو لەکە و پەڵە و شەرم و شورەیی ئەو ئەندامەی خێزانەکەیان هەڵناگرن و دوری دەخەنەوە، یەکێک لە لێتوێژراوان دەڵێت: **(ماڵی باوکم هەمویان (باوکم و دایکم و خوشک و براکانم) پەیوەندییان لەگەڵم خراپە، هەمویان گوێڕایەڵی باوکمن و لەژێر کاریگەری ئەو لێم دورکەوتونەتەوە، بەڵام هەر قسەشم لەگەڵ دەکەن، لەڕێگەی پەیوەندی تلفونیەوە و جارجارەش یەکتری دەبینین، لەگەڵ براکانم و دایکم)** یەکێکی تر دەڵێت: **(پەیوەندییم لەگەڵ کەسیان نەماوە، هەر حاشایان لێکردوەم کەسیان قسەم لەگەڵ ناکەن)**. کەواتە ئەوانەی هەڵگری لەکەی تاوانبارین، نەک تەنیا خۆیان ڕۆڵ و پێگەیان لەدەست دەدەن بەڵکو کاریگەری لەسەر خێزانەکەشیان دادەنێن و ئەوانیش دوچاری شەرم و شورەی دەبنەوە.

سەرباری ئەوەی لەسەر بنەمای ئەوەی کە منداڵی ئەو خێزانەیە خێزانەکانیان دەرگەیان بۆ دەکەنەوە وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان و قەبوڵیان دەکەن، بەڵام ناتوانن وەک ئەندامێکی باش و چاک و ئاسایی خێزانەکەیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

بیانبینن، یەکێک لە نمونەکان دەڵێت: (**نێوانمان هەیە، قسەم لەگەڵ دەکەن، بەڵام زۆر سەرزەنشتیان کردم، بەردەوام ئامۆژگاریم دەکەن، دڵگرانن لێم دەزانم، بەڵام کورییانم و برایانم ناتوانن تەرکم بکەن**) هەروەها یەکێکی تر لە نمونەکان دەڵێت: (**باش نین لەگەڵم، کێشەم هەیە بەردەوام لەگەڵیان، لەسەر هیچ شتێک پێکنایەن بەردەوام دەمەقاڵەمانە، لەسەر کاتی چونە دەرەوە و هاتنەوە ماڵەوە و نان خواردن و هەمو شتێک**)، وا دەردەکەوێت بەشێک لە باوان و خێزانەکانی بەندکراوی ئازادبو لەژێر کاریگەری سۆزی پەیوەندی خوێنیی نێوان ئەندامانی خێزان باوەشیان بۆ کردونەتەوە و وەک تاکێکی خێزانەکەیان وەریان دەگرنەوە و هاوکاریان دەبن، تاوەکو بیانخەنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دور لەلادان و تاوان، بۆ ئەوەی زیاتر نەبنە مایەی سەرئێشەو شەرمەزاری بۆیان، چونکە دواجار بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک کە بنێتەوە کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانەکەی. بەڵام هەندێک خێزانیش هەیە کە درک بە هەقیقەتی کێشە و تاوانەکەی دەکەن، دەشزانن ئەو ئەندامی خێزانە پەشیمانە و ئەو هەستەیان هەیە کە ئامادەیی تاوانی تێدا نەماوە، دەیگرنەوە خۆ، یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: (**زۆر باشن لەگەڵم لەجاران زیاتر باوەشیان بۆ کردمەوە، زانیان پەشیمانم و هەست بە تاوانی خۆم دەکەم، و دەشیانگوت دەبی زیاتر ئاگاداری بین تا دوبارە هەڵە نەکاتەوە. زۆر دڵسۆزن بۆم**) هەروەها یەکێکی تر لە نمونەکان دەڵێت: (**زۆر باشن بۆم ئەگەر ئەوان نەبونایە دەبوایە بکەومە سەر شەقامان**) ئەم نمونانە زیاتر چاوەڕوانی باشبون و چاکبونیان لێدەکرێت، کە سۆز و خۆشەویستی ڕێز چارەسەری زۆرێک لە کێشەکان دەکات، وای لێدەکات باوەڕ و متمانەی بەخۆی زیاتر پتەوتر بێت و هەست بە پێگەی خۆی بکات و هێزی پێدەدات ڕۆڵێکی باش پیشان بدات.

یەکێکی تر کە بارودۆخێکی جیاوازتری لە نمونەکانی دیکەی توێژینەوە هەبو بەگوێری قسەکانی لەڕێگەی مێردەکەیەوە و بەپێداگیری ئەو و لەژێرە کاریگەری ئەوەوە تاوانی ئەنجامداوە دەڵێت: (**کەسم نییە، باوک و دایکم لەژیاندا نەماون یەک برام هەیە ئەویش لێرە نییە لە هەندەرانە لەوێ دەژییێت، بیست ساڵ دەبێت ڕۆیشتوە، گەر نا چۆن لای ئەمە دادەنیشم**) کەواتە کەسانێک هەن بەهۆی نەبونی پشت و پەنا و نەبونی سەرچاوەیەکی دارایی و کارەوە بۆ بژێویان، ملدەدەن بۆ ئەنجامدانی تاوان و بەناچاری و بەبێ خواستی خۆیان لەگەڵ کەسانێک دەژین کە تاوانبارن و ئەوانیش ناچار بەتاوان دەکەن، بەبێ ویستی خۆیان و بە نائارامی و جۆرێک لە کولەمەرگی ژیان تێدەپەڕێنن، کە ئەمەش ڕەنگە وای لێبکات پەنا بۆ لادان ببات یان گەر ناچاربێت پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسوتاندن ببات.

گرنگترین پەیوەندی پەیوەندیی خێزانییە، چونکە پەیوەندییەکی دڵسۆزانەیە و لەسەربنەمای ڕێز و خۆشەویستیە، پێگە بەهێز دەکات و ڕۆڵ فراوانتر دەکات.

**٣,٢,٢. پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی:** بەگشتی ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە بێ بەش دەبن لە هەمو جۆرەکانی پەیوەندی، بەتایبەتیش پەیوەندی هاوڕێیەتی کە گوزارشتە لەوەی زۆربەی کاتەکانی دەستبەتاڵی و گوزەراندنی کاتێکی باش و خۆش لەگەڵ هاوڕێدا دەبێت، هاوڕێ ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی هاوڕێ هەیە و کاریگەریشی هەیە، ڕوانگەی کۆمەڵگەش بەو شێوەیە دو هاوڕێ یان کۆمەڵەی هاوڕێیان وەک یەک دەبینن، بۆیە بونە هاوڕێی کەسێک کە پێشینەی تاوانی هەیە یان بە تاوانبار دەبینرێت لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە، هەمان ڕوانینیان بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

هاوڕێکەشی دەبێت و کەسایەتی و پێگەیەکی لاوازی دەبێت و ڕۆڵی نامێنێ و لەوانەشە دوچاری هەمان لەکەی تاوان ببێتەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەهاوڕێیەتی کەسانێک دەپارێزن کە پێشینەی تاوانیان هەیە. کە متمانە پێکراویش نین. یەکێک لە لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: (**کەس هاوڕێیەتیم ناکات، هاوڕێیەکانیشم کە هەمبون نەمان، چونکە تاوانباربوم، بێ کار و پارەشم**) یەکێکیتر دەڵێت: (**هاوڕێیەکانم کەسیان نەماون، هەر نایان بینمەوە، هەر خۆشم دوای ئەو ڕودواوە حەزم نەکردوە قسەیان لەگەڵ بکەم، بەچاوێکی کەم لێت دەڕوانن، ئەوە بۆخۆی مردنێکە، جارێک یەکێک لە هاوڕێیەکانم بینی دوای ئەوەی ئازادکرام، ئەویش هەر زو ڕێگەی خۆی گۆڕی تا نەمبینێت**) مرۆڤ واتە سەربەزی و خاوەن شکۆ و هەیبەتی خۆی بێت تاکو بتوانێت ڕێزی دەوربەری بەدەست بێت، چونکە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لە کارلێک دایە لەگەڵ دەوربەری، بۆیە خۆی دەپارێزێت لەناو و ناتۆرەی نەشیاو، تاوەکو نەبێتە هەڵگری ئەو لەکەیە و دواجار بگاتە ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕەتبکرێتەوە بۆیە خۆیان لەکەسی خاوەن لەکەی تاوانباری دەپارێزن و خۆیانی لێ بەدوردەگرن.

سەبارەت بە پرسیاری ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی یەکیک لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: (**هاوڕێم نییە، تەنیا کەسانی وەک خۆمان خراپ و لادەر لێمان نزیک دەبنەوە**) بۆ کار و تەنانەت کاتی دەستبەتاڵی و بەسەر بردنی کات مرۆڤ پێویستی بەهاوڕێ هەیە، کاتێک کۆمەڵگە خۆی لەمانە دوربگرێ، ڕەنگە لە هەر گۆشەیەک بیت یەکتری بدۆزنەوە ببنە هاوڕێ ئەوانەی هەمان بارودۆخی هاوشێوەیان هەیە، گەر نەتوانن کۆنترۆلی خۆیان بکەن و پێگە و کەسایەتیان بپارێزن، بەیەکەوە تاوانی دیکە و سەرپێچی دیکە فێربن، بە پاساوی ئەوەی کۆمەڵگە دژیانە و ڕقی لێیان دەبێتەوە، لەوانەشە بەیەکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی دوبارە ڕێزی کۆمەڵگە بەدەست بهێننەوە کار بکەن و سەرقاڵی بدۆزنەوە، بەڵام چونکە خۆیان پێشینەیان هەیە و هۆی لاوازییانەوە پەنایان بۆ تاوان بردوە ئێشتاش کە هەمو کۆمەڵگە پشتی لێکردون چاوەڕوانی چاکبون لێیان لاوازە، گریمانەی ئەوەش هەیە کە ڕەنگە لە دەزگاکانی چاکسازی لەگەڵ تاوانباری دیکە یەکتریان ناسیبێت و دوای ئازادبونیان ببنە هاوڕێ، دەشێ فێری تاوانی نوێ ببن و دوبارە بگەڕێنەوە بۆ تاوان.

یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوەکەمان کە باری دارایی باشبو خاوەن پیشەی خۆی بو سەرقاڵی ڕۆژانەی کارەکەی بو دەڵێت: (**پەیوەندییم باشە هاوڕێم هەیە، خەڵک کاری پێمە، سامانم هەیە، هاوڕێیەتی ئێستا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، گەر من پێشینەی تاوانیشم نەبوایە گەر هەژار و نەبون بومایە کەس هاوڕێیەتی نەدەکردم).** بەهۆی و سەقاڵی و کارەوە پێی وابو ئەوانەی سەردانی دەکەن و بەرژەوەندی کاریان لەگەڵیدا هەیە هاوڕێین، بەڵام پەیوەندی هاوڕێیەتی فراونترە لە بازنەی کار، بەستنەوەی پەیوەندی هاوڕێیەتی بە باری دارایی دەچێتە خانەی بەرژەوەندی و بەکارهێنانی یەکتری و پەیوەندی کارەوە.

ژینگەی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیان کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە هاوڕێ گرتن ئاساییە و ساناهیە یان ئەستەمە، ڕەنگە کەسانێکی هاوشێوە بتوانن بە ئاسانی هاوڕێیەتی یەکتری بکەن ئەوانەی کاری هاوبەشیان هەیە، یان ئەوانەی هاوشێوەن لە بیرکردنەوەی لادارانە، یان کەسانێک کە پێشینەی تاوانیان هەبێت. کەسایەتی مرۆڤ گرنگە و پێیەوە دەناسرێتەوە و لە ڕێگەیەوە ڕۆڵ دەگێڕێ و پێگەی پێ دیاری دەکرێ، بۆیە هەمیشە تاکەکانی کۆمەڵگە بە لێزانین و ئاگاییەوە هاوڕێیەکانیان هەڵدەبژێرین.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

**٤,٢,٢. متمانه:** بەگشتی ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە متمانەیان دەدۆڕێنن و کۆمەڵگە متمانەیان پێناکات، ڕۆڵ و پێگەیان لاواز دەبێت و لەزۆر باردا لێیان دەسەندرێتەوە. جێگای متمانەبونی کۆمەڵگە پێگەیەکی بەهێزت پێدەدات وا دەکات ڕێگەکانت باشتر و ساناتر ببری و ڕۆڵی بینی، لەباری پێچەوانەشدا لە نەبونە جێگای متمانەی کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرونی خود دەبێت و جگە لەوەی دەبیتە کەسێکی فەرامۆشکراو دورخراوە، هەستی متمانە بەخۆبونیشت لا لاواز دەکات، کەسایەتیەکی لاوازت دەبێت نازانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بکەیت و کەسایەتیەکی ناهەوسەنگ و شێواوت دەبێت. یەکێک لە نمونەکانی توێژینەوە کە لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنەکە هەمیشە شانازی بەوەدەکرد کە خاوەنکارە و داهاتی هەیە و وای پیشاندەدا متمانەی بەخۆبونی تیادا زاڵە، دەڵێت: (**یەک دو شوێن هەبو پێشتر کەلوپەلم لەلایان دەهێنا دوای ئەوەی لەزیندان ئازادکرام دەچومە لایان زۆر سارد بون لەگەڵم، بەڵام من پارەی خۆم دەدەم بۆیە چومە شوێنێکی تر، ئێستا لە شوێنێکی تر کەلوپەل دێنم، ئەوان نازانن کە پێشینەم هەیە، بەڵێ خەڵک متمانەی پێت نامێنێت، کەس حەزی لە کێشە نییە**) لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە، ویستراو و پەسەندکراو نین لەلایەن کۆمەڵگە، سەرەڕای ئەوەی گەر بەرژەوەندییشان لەگەڵیان هەبێت کە قازانجی داراییشیان هەبێت متمانە پێکراونین و مامەڵەیان لەگەڵ ئەستەم دەبێت، لەکەی تاوانباری هەمیشە زیانی هەیە لە زۆر دۆخ و باردا ئامادەیە بۆ ئەوەی خاوەن پێشینەی تاوانباری لاواز بکات.

یەکێکی تر لە نمونەکانی توێژینەوە بەبێزاری و تورەییەوە دەڵێت: (**کەس متمانەم پێناکات، زۆر تەنیا و بێ کەسم، هەموی بوەتە دوژمنم، تا دەمری هەر بە تاوانبار و خراپەکارت دەبینن**) ڕاستە ئەمانە لادەربون و تاوانیان پێشتر ئەنجامداوە، بەڵام گەر کۆتایی بەو سزایانە نەهێندرێت، لەکە و شەرمەی کۆمەڵایەتییان پێوە بلکێندرێت و هیچ پێگە ورۆڵێکیان نەبێت، ڕەنگە پڕببن لەڕق و کۆمەڵگە بە دوژمنی خۆیان بزانن، چونکە ئەوانە پێشتر بەهۆی لاوازی کەسایەتییانەوە پەنایان بۆ ئەنجامدانی تاوان بردوە، کەواتە خۆ کۆنترۆڵکردنیان بەهێز نییە دور نییە دوبارە بگەڕێنەوە بۆ تاوان، بۆیان بارودۆخیکی سەختە بەتەنیا خۆیان دەبیننەوە بەرانبەر کۆمەڵگە.

یەکێکی تر لە لێتوێژراوان کە خێزانەکەی لەخۆیان گرتبو باوەشی بەسۆزیان بۆ کردبویەوە زۆر ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکەمانی دایەوە دەڵێت: (**نەخێر کەس متمانەت پێناکات، کۆمەڵگەی ئێمە دژی تاوان و خراپەکارییە، حەزی بە کێشە نییە و تێکەڵی کەسی خراپ نابێت، ناهەقیشیان نییە، نەخێر ئەوەی بزانێت پێشینەی تاوانت هەیە، متمانەت پێناکات**) متمانەکردن و پەیوەندی و کارپێدان بەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە ئەستەمە و دەتوانین بڵێین مەحاڵە، ئەوەی دەتوانێت کار لەسەر ئەمە بکات دەبێت سیستەمی حکومڕانی بێت و لەڕێگەی ئەوەی کاری سەربەخۆ تەنانەت بچوکیش بێت بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی خۆیانی پێدابین بکەن و سەرقاڵبن بە کارەوە، هەروەها لە ڕێگەی خێزانەکانیشیانەوە دەستگیرۆیی و پاڵپشتیان بکرێت تاوەکو بتوانن ئاساییتر و باشتر بژین، گەرنا لەلایەن کۆمەڵگە و خەڵکی ئاسایی و تاکەکانی کۆمەڵگەوە متمانەپێکراو نین و لەوانەیە هیچ جۆرە دەستگرتن و هاوکاریەکیان نەکرێت. یەکێکی تر دەڵێت: (**خۆشمان متمانەمان بەخۆمان نییە**) ڕەتکردنەوە کۆمەڵایەتی و لەکەی کۆمەڵایەتی کاریگەری دەرونی و ویژدانی لەسەر تاکی خاوەن پێشنەی تاوان دروستدەکات وای لێدەکات هەست بە شەرمەزاری و تاوانباری بکات و لەناخەوە خۆی خراپ ببینێت و خۆیشی متمانەی بەخۆی لاواز ببێت، ئەمە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

ترسناکە کە ئەمانە خۆیان بەبەردەوامی وەک تاوانبار ببینن، ڕەنگە لە دەرفەتی ڕەخسانی تاوان و سەرپێچی دریێخی نەکەن و بلێن مادامەکێ هەر بە تاوانبار ئەژمارمان دەکەن با ئێمەش دەست نەپارێزین. یەکێک لە نمونەکانی توێژینەوە دەڵێت: (**بەڵێ هەمو کەس متمانەیان زۆر پێم لاوازبوە، تەنانەت کەس و کاریشم (باوان و خوشک و برا)شم کە دەرگەیان بۆ کردمەوە و لەگەڵیان دەژیم)** زۆر لە باوان ناتوانن منداڵەکیان فەرامۆش و پەراوێزبخەن، لەسەر ئەم بنەمایە وەک ئەندامێکی خێزان قەبوڵکراونەتەوە، بەڵام هەر متمانەپێکراونین، ڕەنگە هەمیشە چاوەڕوانی دوبارە ئەنجامدانی سەرپێچی و لادان و تاوانیان لێ بکەن.

متمانە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بناغەی دورستبونی پەیوەندی و ڕێز و خۆشەویستیە و لەو ڕێگەیەوە پێگەیی خۆیان بۆ دەردەکەوێت و دەرفەتی ڕۆڵ بینینیان بۆ فەراهەم دەبێت و کەسایەتی گونجاو بەهێزیان بۆ دروست دەبێت.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4**

## دەرەنجام:

کاتێک گەیشتینە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان و بەدەستگەیشتنی زانیارییەکان بۆمان دەرکەوت گونجاوی هەیە لەنێوان کاردانەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و تیۆری لەکە بەرانبەر بەندکراوی ئازادکراو، لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامی بەدەستهاتو لەڕێگەی حەوت کەس بوە کە بەشێوەیەی ڕاستەوخۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدراوە، هەمو نمونەکانی توێژینەوەکەمان ئەوانەبون کە بەندکراوی ئازادکراوبون، چونکە ویستویەتی بچێتە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە، بۆ ئەوەی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ژیانیان بگات و کاریگەری لەکەی کۆمەڵایەتی بزاندرێت لەسەریان، لەکەی کۆمەڵایەتی زیاتر شێوەیەکی کاردانەوەی هەیە، دژ بەکاری لادەرانە. ئەنجامی بەدەستهاتو لەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک دەخەینەڕو:

١- لاوازبون و تێکچونی پەیوەندی نێوان هاوسەران و جیابونەوە تەلاق لەنێوانیاندا.

٢- بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگەوە دوچاری بیکاری دەبنەوە، ڕەنگە لەبازاڕی کاردا هیچ کەسێک ئامادەنەبێت کار بەکەسیک بدات کە هەڵگری لەکەی تاوانباری بێت، بەڵام ئەوەی باری دارایی باشبیت دەتوانێت کاریکی سەربەخۆ بکات، بەڵام ناتوانێت هاوبەشی و پەیوەندییەکی باشی هەبێت، لەوانەیە نەبنە جێگەی باوەڕی ئەوانیتر.

٣- دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەوانەی هەڵگری لەکەی کۆمەڵایەتی و تاوانبارین سەختە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بۆیان.

٤- دوچاری کێشەی نیشتەجێبون دەبن بەهۆی ئەوەی ناتوانن پەسەندی دەوروبەر بەدەستبهێنن ڕێگەیان نادرێت لە گەڕەکێک یان کۆلانێک نیشتەجێبن، گەر ڕێگەشیان بدرێ، ئەوا بەچاوێکی ئاسایی سەیرناکرێن و کەس تێکەڵاوییان نابێت و پەراوێز دەخرێن.

٥- پەسەندی کۆمەڵگە لەدەست دەدەن و لە دوبارە تێکەڵبونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە شکست دەهێنن.

٦- لاوازبونی پەیوەندی بەندکراوی ئازادکراو لەگەڵ بنەماڵەکەی، تەنانەت ڕەنگە خێزانەکانیشان دوریان بخەنەوە.

٧- تێکچون و لاوازبونی پەیوەندی هاوڕێیەتی بەندکراوی ئازادکراو.

٨- لاوازبون و دۆڕاندنی متمانە، کۆمەڵگە متمانە بە بەندکراوی ئازادکراو ناکات، ڕۆڵ و پێگەیان لاواز دەبێت و لەزۆر باردا لێیان دەسەندرێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

# Society's Attitude Towards Redundant Prisoners" in the Light of Labeling Theory"

A Field Study in Erbil City on Those Arrested who Passed Through the Process of Reform

**Wirya Maaroof Hamadsaaed**[1]

[1]Food Security and Public Health,Technical Institute of Khabat, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Crime is a terrible social phenomenon that society has suffered from throughout history, so the process of integration of released prisoners with society is difficult after going through the reform process, because the sign of crime and guilt will keep following him/ her which is difficult for him/her to reintegrate into society. The main purpose of this study is to determine the effects of social stigma on the released prisoner, as well as the perceptions of the surrounding and the released prisoner about life and future in the society that is labeled as a criminal. This research is a qualitative study using the method of case study, in which the problems and difficulties faced by released prisoners and what happens to their role and position in society are analyzed in the light of the theory. The community of this study is Erbil, which consists of seven samples. The most important results are that they face many social problems and life becomes difficult for them to reintegrate into society, and they lose their position and role is weakened.

**Keywords:** Criminals, Released Prisoners, Labeling, Criminal Precedents, The Process of Correction.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4

## سەرچاوەکان:


Adak, N. (2010). Sosyal Bir Problem Olarak İşsizlik ve Sonuçları . Toplum ve Sosyal Hizmet, 21 (2), 105-116.

Akdemir, A. B. & Kılıç, A. (2021). Nitel Makalelerin Yöntem Analizi. Muğla Sıtkı Koçman Üniversitesi Eğitim Fakültesi Dergisi, 8 (2), 486-502.

Baltacı, A. (2019). Nitel araştırma süreci: Nitel bir araştırma nasıl yapılır?. Ahi Evran Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, 5(2), 368-388.

F. Yılmaz, S. Göçen and R. Yardımcı, "TOPLUMSAL SORUNLARIN ÇÖZÜMÜNDE ÜNİVERSİTELERİN ROLÜ", *Elektronik Eğitim Bilimleri Dergisi*, vol. 6, no. 12, pp. 138-149, Nov. 2017

KIZMAZ, Z. (2005). Sosyolojik Suç Kuramlarının Suç Olgusunu Açıklama Potansiyelleri Üzerine Bir Değerlendirme, C.Ü. Sosyal Bilimler Dergisi, 29(2), s. 149-174.

MUŞ, Dr. Ekrem, Kriminoloji suç teorileri ve uygulamlar, ankara, 2016, Karınca Yayınevi.

ÖZMEN, Sümeyye, ERDEM, Ramazan, Damgalamanın kavramsal çerçevesi, Süleyman Demirel Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi Y.2018, C.23, S.1, s.185-208. Turkiye

بو المابن، نجيب (٢٠٠٧) الجريمة والمسألة السوسيولوجية، أطروحة دكتورا، جامعة منتوري قسنطينة، جزائر، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية قسم علم الاجتماع والديمغرافيا.

حنان، بن سعدة & الطاهر، بن قراشة (٢٠١٩) مقاربة س وسيولوجية معاصرة لتفسير الجريمة والانحراف لدىالمراهقين، جامعة زيان عاشور, الجلفة, الجزائر، مجلة حقائق للدراسات النفسية والاجتماعية، المجلد ٤, العدد ١٤, الصفحة ٢١٨-٢٣١.

صوری، عمر محی الدين (٢٠٠٣) الجريمه_اسبابها_مكافحتها، دار الفكر، ديمشق.

عبدالله، نورى سعدون (٢٠١١) العوامل الاجتماعية المؤثرة في ارتكاب الجريمة، مجلة جامعة الانبار للعلوم الإنسانية، العدد الأول، ١٣٢-١٦٠.

فاطمة، شايب و بعيو سامية (٢٠١٧-٢٠١٦) الوصم الاجتماعي و أثره على اندماج المنحرف في مجمتع، رسالة ماجستير، جامعة محمد الصديق بن يحيى-جيجل، الجزائر.

القراله، ساهر عطاالله (٢٠١٣) اثر الوصم الاجتماعي على الاطفال مجهولي النسب، رسالة ماجستير، جامعة مؤتة، الاردن.

نصرالله، د.واحده حمه ويس (٢٠١٦) جرائم النساء أنواعها و أسبابها، مجلة الاداب، جامعة بغداد كلية الاداب، ع ١١٨، ٢٦٥-٢٩٨.

بۆکانی، سابیر بکر (٢٠٠٢) تاوانبارو سزا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

جمیل، هێرۆ ( ٢٠٠٨) کۆمەڵناسی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، چ١، هەولێر.

حەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٢) تیۆرە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتوەکان، و:دیدار ئەبوزێد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

خەمەش، دکتۆر مەجدەدین عومەر خەیری (٢٠١٢) کۆمەڵناسی، و: د.عبداللە خورشید و هاوڕێکانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

دکتورە سەمیرە (٢٠٠٧) فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، و:خەسرەو میراودەلی، چ١، چاپخانەی چوارچرا.

علی، دلشاد صبری (٢٠١٩) هەڵوەشاندنەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر منداڵ، توێژینەوەی بڵاوکراوە، زانکۆی سۆران –گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٣.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4**

عومەر، دکتور مەعەن خەلیل عومەر(٢٠١٢) و:دکتور مەحەمەد شوانی، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چ١، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.

فتاح، د.میدیا ابراهیم & فتاح، ئەڤین ابراهیم ( ٢٠١٩) گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا پەیوەندی بەجۆری کارەوە توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانیە لە شاری هەولێر، زانکۆی سۆران- گۆڤاری توێژەر، بەرگی٢، ژمارە ٢.

قادر، د. ڕزگار محمد ( ٢٠١٠) چەند وانەیەک لە تاوانناسی، چ ٢، تەبایی، هەولێر.

کۆهین، برۆس (٢٠١٤) بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: چەکۆ ئەحمەدی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

محەمەد، فائیز ئیبراهیم (٢٠٠٧) خو پێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان و هۆکارەکان و ئاسەوارەکانی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

مەعروف، وریا (٢٠١٣) دزی و ئاکامەکانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،.

موحسنی، د.مەنوچیهر (٢٠٠٢) و: ڕێبوار سیوەیلی و هاوڕێکانی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper4**